# ژنبوون لە نێوان هۆشیاربەخۆبوون و ویستی یەکسانیدا بە نمونەی شیعرەکانی زەینەب خادم سوجادە

**مهاباد ئازاد محەممەد**

بەشی کوردی، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی ( ژنبوون لە نێوان هۆشیاربەخۆبوون و ویستی یەکسانیدا ) ، لێکۆلینەوەیەکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ تێڕامان لە پرسی ژن . لێرەدا بنەمای بیرکردنەوەی دوو تێگەیشتنی سەرەکی سەبارەت بە ژن ڕونکراوەتەوە. تێگەیشتنێکییان سەرچاوە لەو بیروبۆچوونانەوە دەگرێت، کە بیرکردنەوەیەکی ماددی و سروشتییان هەیە، بیرکردنەوەکەی تریش کە دیاریکەری بنەمای فکری شیعرەکانی زەینەب خانیشە، بنەمایەکی عەقڵی و بنەڕەتی هەیە. لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە دووبەش، هەر بەشەی چەند تەورێك دەگرێتە خۆی. لە بەشی یەکەمدا کورتەیەك سەبارەت بە زەمینەی دروستبوونی بزوتنەوەی فێمینیزم دەخرێتەڕو. دواتر باس لە ویستی یەکسانی و دیدی شەپۆڵەکانی بزوتنەوەکە دەکرێت. هەوڵی خستنەڕوی ئەو لێکدژییە فکرییانە دەدرێت، کە لە تێگەیشتنی ڕۆشنبیری مۆدێرندا بۆ پرسی ژن لە ئارادایە. بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی فیکریی شیعرەکانی زەینەب خان و تێگەیشتن لەو هۆشیارییە عەقڵییەی سەرچاوەی بیرکردنەوەیەتی، بۆ تێگەیشتن لە ژنێتی ژن و لە ئەویتری ڕەگەزی بەرامبەر، کە لە کرۆکدا جیاوازە لەو ئاگاییە واقیعییە هەستەکی و ماددییەی، لە بیرکردنەوەی گشتی و ڕۆشنبیری بزوتنەوەی مێناسیدا هەیە. پرسەکانی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆیان دەبیننەوە، کە بوونی ژن دەخاتە کوێی ئەم هاوکێشەیەی لە بەرامبەر ئەویتری پیاودا ڕایدەگرێت؟ تێگەیشتن لە بنەمای ئەم هۆشیارییە گریمانەیەکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە دەخاتە سەرڕێ کە ڕوی لە شیعرەکانی (زەینەب خادم سەجادە)یە، بەوەی بنەمای فکری شیعرەکان و ئەم هۆشیارییەی شیعرییەتی شیعرەکان ڕەنگرێژ دەکات، ئایا هەمان ئەو هۆشیارییەیە کە لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا بۆ ژن لە ئارادایە؟ یان هۆشیارییەکی بنەڕەتیترە، جیاواز لەم هۆشیارییەی کە هەیە. ئایا ژن نیوەی کۆمەڵە؟ بنەمای ئەم گوتنە سەرچاوە لە چییەوە دەگرێت؟ دەنگی ژن بە چی لە دەنگی بیرکردنەوەی ژنێکی تر جیادەبێتەوە؟

**وشە سەرەکییەکان:** ژنبوون، یەکسانی ، فێمینیزم، خۆناسین ، هۆشیاربەخۆبوون.

## ١. پێشەکی

لە تێڕوانینی ڕۆشنبیری گشتیدا، پرسی ژن بە سەردەمێکی دیاریکراو و بە سەرهەڵدانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەییەکانی فێمینیزمەوە گرێدەدرێت، لە کاتێکدا ئەم پرسە پرسێکی لە مێژینەی مێژوویی و هەنوکەییشە، چونکە پرسێکی ئێستاییە بۆ هەر قۆناغێکی مێژوویی، یەکێکە لەو پرسانەی لە داهاتوشدا بەردەوامی دەبێت و بە هەناوی مێژوودا تێپەڕیوە و تێدەپەڕێت. گرێدانی پرسی ژن و مەسەلەکانی مێناسی، بە ئایدیۆلۆجیا و بە سەردەم و بزوتنەوەیەکی دیاریکراوەوە، بە جۆرێك لە جۆرەکان خودی پرسەکە دەباتە دەرەوەی پرس لەبارە کراوەوە، کە ژنە.

چونکە لە بنەڕەتدا پرسی ژن لە دیدی مێناسییەوە، پرسێکی بنەڕەتی و ئۆنتۆلۆجی نییە، بەڵکو پرسێکە سەر بە چۆنییەتی گوزەران و شتێك لە شتەکانی واقیعی ژنە. بەمپێیە هۆشیاری ژن، بە واقیعی سەردەمێکی دیاریکراوەوە گرێ دەدرێت، ئەو سەردەمەش سەردەمی هاتنە ئارای واقیعێکی تازەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە، لە ڕێگەی چەمکی یەکسانی و ئازادییەوە ڕەنگرێژی ئەم دنیا تازەیەی ژن دەکرێت. لە کاتێکدا ناکرێت پرسی ژنبوون و هۆشیاری ژن بە فێمێنیزمەوە گرێ بدرێت، لەمەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە بە دوای ئەم هێڵە سەرەکییانەدا دەچێت کە کۆی شەپۆڵە جیاوازەکانی بزوتنەوەی فێمێنیزم دەکاتەوە بەیەك. لە هەمانکاتدا گریمانەی ئەو لێکدژییانە دەکات، کە لە هەناوی ئەم تێگەیشتنەدا پەردەپۆش دەکرێن. دیارە ئەمەش بەر لە هەرشتێك پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی هەیە، ئەم ئاوڕدانەوەیە لە پێناو خستنەڕوی کۆمەڵێك زانیاری مێژوویی سەر بە بزوتنەوەی فێمینیزم نییە، بەڵکو لە پێناو ئەو پرسیارە بنەڕەتییەی لێکۆڵینەوەکەدایە کە پرسیار لە چییەتی ئەم هۆشیارییە واقیعییە دەکات، کە خۆی لە ویستی یەکسانی و ئازادیدا دەنوێنێت بە مانا هەستەکی و ماددییەکەی. ئەم

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢ شوبات ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٠ ئەیلوول ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٨ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: mahabad.azad@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ مهاباد ئازاد محەممەد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە
لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp9-27

ئاگاییە واقیعییەی ژن بە مەسەلەی ماف و یەکسانی و ویستە ماددی و مەعنەوییەکانی پەیدای دەکات، پەیوەندی بە هۆشیاربەخۆبوونی ژنەوە نییە، بە مانا عەقڵی و بنەڕەتییەکەی.

لێکۆڵینەوەکە بە پێی میتۆدی هێرمۆنتیك**"Hermeneutics"** شیکردنەوەی قووڵ بۆ بابەتی تیۆریی باسەکە و نموونە شیعرییەکانی زەینەب خان دەکات. ئەم میتۆدە زانستی و فەلسەفییە، پەیوەندی بە تەئویلی ماناو لێکدانەوەی بەشەکانی دەقەوە هەیە، بۆ تێگەیشتن لە کۆی دەقەکە. جگە لەوەی گرنگی بە تێگەیشتن و تێڕوانینی خوێنەر – توێژەر دەدات، لە کردنەوەی مانای چاوەڕواننەکراودا، کە ڕەنگە لە پرۆسەی شیکردنەوەدا سەرهەڵبدەن.

بە شێوەیەکی ڕیشەناسانە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە ویستی گفتوگۆکردن و ڕۆشنبوونەوەی بنەمای فکری شیعرەکان و گەڕانە بە شوێن بنەمای فکریی پشت گوتنەکان. لێکۆڵینەوەکە دووبەش دەگرێتە خۆی، لە بەشی یەکەمدا باس لە سەرهەڵدانی چەمکی فێمینیزم دەکرێت، پوختەیەکی مێژوویی سەبارەت بە زەمینەی لە دایکبوونی ئەم بزوتنەوەیە و شەپۆڵەکانی دەخرێتەڕو. هەر لەم بەشەدا بە وردی باس لە ویستی یەکسانی و ئەو لێکدژییە فکرییانە دەکرێت کە پەردەی فەرامۆشییان بەسەردا دەدرێت، بەوەی ویستی یەکسانی بەم مانا یەی کە هەیە، چەندە ژن دەخەنە ناو واقیعێکی باشتری خۆشگوزەرانییەوە، دوو هێندە مرۆڤ دەخەنە ناو لێکدژی و قەیرانێکی قوڵی وجودییەوە.

بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە باس لە بوونی ژن لە نێوان نەریت و هۆشیاربەخۆبوونیدا دەکات. لەم بنەمایەوە دووجۆری جیاوازی دەنگی ژن، کە مەبەست لە بنەمای دووجۆر لە بیرکردنەوەی جیاوازی ژنە، بە بەڵگەی شیعرەکانی زەینەب خان شیدەکەینەوە. دواتر بنەمای فکریی ئەم تێگەیشتنە تاوتوێ دەکەین، کە تێگەیشتنی ژن نیوەی کۆمەڵەی لەسەر هەڵچنراوە. بەرامبەر ئەم تێگەیشتنە سروشتی و بایەلۆجییە، لە ڕێگەی شیعرەکانی شاعیرەوە، تێگەیشتنێکیتر دەخەینەڕو، کە لە بنەمایەکی فەلسەفییەوە، پەردە لە سەر بوونی ژن و پیاو لادەدات، وەك کائینێکی سەربەخۆی تاکانە، لەمەوە بناغەیەکی تری ئۆنتۆلۆجی، بۆ پەیوەندییەکانی مرۆڤ دادەمەزرێت، کە بشێت لە لایەکەوە مانا یەك بە پەیوەندییە سروشتی و غەریزەیی و خوێنییەکان ببەخشێت و مرۆییانە دایمەزرێنێت، لە لایەکی ترەوە بەدەر لە ویستی نێو ئەم پەیوەندییانە، بکرێت مرۆڤ بەبێ ئەوەی بەرژەوەندیی پڕکردنەوەی پێداویستییە سروشتییەکانی، دیاریکەری کرۆکی پەیوەندییەکە بێت، هاوسەری ڕێگەی ژیانیی ئەویتری مرۆڤ بێت. لەم ڕوانگە بنەڕەتییەوە باس لە جۆرێکی تر لە پەیوەندی بنچینەیی دەکەین، کە لە بیرکردنەوە شیعرییەکانی زەینەب خاندا گوزارشتی لێدەکرێت. لە کۆتاییدا گرینگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە خراوەتەڕو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی.

## یەکەم: چەمکی فێمینیزم و زەمینەی دروستبوونی ئەم بزوتنەوەیە

کاتێك باس لە ژن دەکرێت یان بابەتە واقیعی و مەسەلەکانی پەیوەست بە ژن دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە پرسی ژن، لێکۆڵەر بە جۆرێك لە جۆرەکان، بە پێویست دەگەڕێتەوە سەر ئەو بۆچوونە تیۆری و واقیعیانەی بزوتنەوەی فێمینیزم تاوەکو ئیمرۆ خستوویەتییەڕو. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت ئەم بزوتنەوەیە وەك ئایدیۆلۆژیا یەک مێژوویەکی دیاریکراوی هەیە.

بە گشتی بنەمای دنیابینی ئەم بزوتنەوەیە، سەرچاوە لە بیرۆکە و دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنسییەوە دەگرێت، بەتایبەتیش دروشمی ئازادی و یەکسانی دەبێتە بناغەی سەرەکی بیروبۆچوونی ئەم بزوتنەوەیە.

د. کەمال مەزهەر ئاماژە بە چەمکی فێمینیزم (feminism) دەدات و بۆ وشە لاتینییەکەی "فێمینیا" ی دەگەڕێنێتەوە، کە بە واتای ژن دێت. لە فەرهەنگی زمانە ڕۆژئاواییەکاندا فێمینیزم وەک بزوتنەوەیەک "لە پێناوی یەکسانی ئافرەتاندا" پێناسە دەکرێت (مەزهەر، ٢٠٠٨، لا ٢٠). یەکسانی وەک ویستێکی سیاسی و ئابوری لە هەناوی شۆڕشی فەرەنسییەوە هەڵدەقوڵێت. بە گوێرەی ڕودگر "ئەم چەمکە لە ڕەگی (Feminine)وە وەرگیراوە. وشەکە ڕیشەیەکی لاتینی هەیە و لە Femina وە وەرگیراوە. ئەم چەمکە لە ساڵی (١٨٣٧) بۆ یەکەمین جار دەچێتە ناو زمانی فەرەنسییەوە و لە وتارێکدا بەکاردێت بە ناونیشانی " پیاو - ژن" (ڕودگر: ٢٠١٩: ١٤).

دیارە لە ڕوی مێژووییەوە دوابەدوای شۆڕشی ئەمریکا لە ١٧٧٩ و شۆڕشی پیشەسازی ئینگلتەرا و شۆڕشی فەرەنسا لە ١٧٨٩، شۆڕشێکی تر لە هەناوی ئەم شۆڕشانەوە بەرپا دەبێت، کە دەیەوێت ویست و خواستی ژن بەهەند وەربگیرێت. واتە دوای ئەوەی واقیعێکی تازەی ئابوری دێتەئاراوە، دەنگی ناڕەزایی زیاتر دەبیسترێت. لەگەڵ دەرکەوتنی واقیعێکی تازەی ئابوریدا، شێوازی کارکردنیش گۆڕانی بەسەردا دێت، دەستی کار لە ماڵەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو کارگەکان و کاریگەریی تەواو لەسەر کۆی بوارەکانی ژیان دروستدەکات. کەمال مەزهەر لەمبارەوە پێیوایە: "لەگەڵ سەرەتای چرۆکردنی پەیوەندی سەرمایەداری و زۆربوونی داخوازییەکانی ژیان، ئافرەت ڕوی کردە گەلێك کاری نوێ [...] ئافرەت وەکو پیاو بووە کرێکار و دواییش فەرمانبەر، بەڵام نە لە ڕوی کرێ و موچەوە، نە لە ڕوی کاری کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیرییەوە ، نیوەی ئەوی بۆ نەدەلوا." ( مەزهەر: ٢٠٠٨: ١٦-١٧ )

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە کاتێك شوێنی کاری ژن، لە ماڵەوە دەگوازرێتەوە بۆناو کارگە و دەزگا پیشەسازییە گەورەکان، ویست و داخوازییەکانی ژنیش بە پێی ئەم واقیعە ئابورییە تازەیە دەگۆڕێت. بەڵام لەگەڵ گۆڕانی واقیعی کارکردندا، واقیعی سیاسی و ڕۆشنبیری و فکریش دەبێتە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە ئابورییەی جێی گرتووە و بە شێوەیەکی تر پایەکانی ژیان دادەڕێژێت. لە ژێر کاریگەریی ئەم واقیعە ئابوری و پیشەسازییەدا، هەنگاو بە هەنگاو ویستی ژن بۆ یەکسانی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر زیاد دەکات و وێنای پیاو وەك لەمپەر و بەربەستێك یان وەك بکەرێکی دژبەخۆی دادەڕێژێت، کە ڕێگرە لە بەردەم گەیشتن بە ویست و خواستە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی ژن. ئەگەر سەرنجی دەستەواژەی " نیوەی ئەوی بۆ نە دەلوا" بدەین، دەبینین پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی پیاو، دەبێتە پێوەری دیاریکەری خواستەکانی ژن، کە بەر لە هەر شتێك دەیەوێت وەکو ئەویتری بۆ بلوێت و بە هەمان پێوەر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

لەگەڵ زیادبوونی ویستی یەکسانی و ئازادیدا، هەنگاو بە هەنگاو سیستەمی سەرمایەداریش زیاتر دنەی ویستە ماددی و ئابورییەکانی ژنان دەدات، زەمینەیەکی لەبار بۆ ململانێیە ڕەگەزی و نەریتییەکان خۆش دەکات و مەیدانی بازاڕە پیشەسازییەکەی بەرفراوان و بەهێزتر دەکات. بەمپێیە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە گوتاری داکۆکی لە مافەکانی ژن لە ڕوی سیاسی و

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp9-27

ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە جیدەگرێت. پاشان ئەم داکۆکیکردنە خۆی لە جوڵانەوەیەکدا دەبینێتەوە کە خواستی ئەوەی هەبوو، لەڕوی کردەییەوە گۆڕانکاری بە سەر سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بهێنێت، بەوەی مافەکانی ژن لەڕوی خوێندن و مافی کارکردن و مافی هاوڵاتیبوون و دەنگدان و زۆر شتی تر مسۆگەر بکات.

بەپێی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکانی ئەمبوارە، ئەگەرچی ئەم بزوتنەوەیە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە هێزێکی زیاتری تیۆری و واقیعییەوە لە ئەمریکا دێتە مەیدان و دواتر بە تایبەت دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لە ئەوروپا پایە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی بە تەواوی دادەڕێژێت، بەڵام ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی ئەوە دەردەخات بەر لەم بزوتنەوەیە کۆمەڵایەتی و سیاسییە، بیرۆکە سەرەتاییەکانی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژن لە ئەوروپا، بۆ کۆتایی سەدەی هەڤدەهەم و سەرەتای سەدەی هەژدەهەم دەگەڕێتەوە. لەو کاتەدا بە بێ پابەندبوون بە ئایدیۆلۆجیای بزوتنەوەیەکی دیاریکراوی سیاسی و فکری، چەندین هەوڵی تاکەکەسی لە ئارادابوون، کە باسی پێویستی مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری ژنیان دەکرد.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا "جێرمی بینتام" وەك بیرمەندێکی ئابوریناس لە روی یاساییەوە لە کتێبی "سەرەتایەك بۆ بنەماکانی ئاکار و یاسادانان" ئاماژە بە پێویستی یەکسانی ژن و پیاو دەکات، لەڕوی دەنگدان و بەشداریکردنیان لە بواری سیاسیدا. هەروەها "مارکیز دی کۆندرسییە" وەك یەکێك لە پێشڕەوانی شۆڕشی فەرەنسی لە پاڵ پێداگرتن لە سەر مافی مرۆڤ و یەکسانیدا، وەك داکۆکیکارێکی سەر سەختی مافەکانی ژن دێتە مەیدان و داکۆکی لە مافی دەنگدانی ژن دەکات لە حکومەتی نوێی فەرەنسادا. بەهەمان شێوە"ماری ولستونکرافت وەك نوسەرێکی ئینگلیزی ژن، هەر لەو سەردەمەدا 1792 کتێبی" بەرگریکردن لە مافەکانی ژن- Die Verteidigung der Frauenrechte" بڵاودەکاتەوە. (Wollstonecraft, Mary: 2008)

هەموو ئەم هەوڵانە لە روی مێژووییەوە دەخرێنە دەرەوەی ئەو چوارچێوە مێژووییەی کە بۆ بزوتنەوەی فێمینیزم دیاریکراوە، واتە کۆی ئەم هەوڵ و کارانە ڕاستەوخۆ ناخرێنە ناو ئەو چوارچێوە تیۆری و ئایدیۆلۆژییەی دیاریکەری مێژووی بزوتنەوەی فێمینیزمە، بەڵکو هەریەك لەم هەوڵانە وەك سەرەتایەك دەبینرێت بۆ دروستبوون و شێوەگرتنی دواتری بزوتنەوەیەك بە ناوی مێینەوە. بە دەربڕینێکی تر، دامەزرانی بناغەکانی بزوتنەوەکە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە جێگیربوونی بناغەکانی سیستەمی سیاسی و پەروەردەی مۆدێرن، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا . ئەم بزوتنەوەیە بەشێکە لە یەکخستنی دەرکەوتە کەلتوری و پەروەردەیی و سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیرییەکانی ئەو قۆناغەی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرنی لە سەر دادەمەزرێت. جا لەم قۆناغەدا بەو پێیەی مێژووی لە دایکبوونی نەتەوەکان بەستراوەتەوە بە مێژووی دروستبوونی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرنەوە، مێژووی لە دایکبوونی هۆشیاری ژن و پەیدابوونی وەك کائینێکی هۆشیاریش دەبەسترێتەوە بە چوارچێوەی مێژوویی ئەم ئایدیۆلۆجیایەی کە بزوتنەوەی فێمینیزمی تێدا دروست دەبێت. بەڵام ئایا ئەم هۆشیارییەی ژن، کە بزوتنەوەی فێمینیزم باسی دەکات و ئاگایی ژن بە واقیعی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبەستێتەوە، بنەمای هەمان ئەم هۆشیارییەیە کە بۆ نمونە شاعیرێکی وەکو( زەینەب خان) پێی دەژیت و لە شیعرەکانیدا گوزارشتی لێدەکات؟ بەو واتایەی، ئایا بنەمای فیکری ئەم ئاگاییە واقیعییەی ژن بە ماف و ویستە مادییەکانی پەیدای دەکات، بنەمای هەمان ئەم هۆشیارییە عەقڵی و بنەڕەتییەیە کە ژنبوون لێیەوە دەدرەوشێتەوە؟ بەر لە بەدواداچوون بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێت سەرەتا کورتەی قۆناغ و شەپۆڵە جیاوازەکانی ئەم بزوتنەوەیە بخەینەڕو.

## ١-١. بنەمای یەکسانی و شەپۆڵەکانی فێمینیزم

لە روی مێژووییەوە شەپۆڵی یەکەمی فێمینیزم لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم تاوەکو کۆتایی شەستەکانی هەمان سەدە دەگرێتەخۆ، کە جگە لە ئەمریکا و ئوسترالیا، زۆربەی وڵاتەکانی ئەوروپا دەگرێتەوە. ئەم دەستپێکە زیاتر پشت بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە دەبەستێت و جەخت لە چەمکی یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکاتەوە. هاوکات جەخت لە هەبوونی مافی خوێندن و دەنگدان و مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات. فێمینیزم وەکو پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئەنجامی ڕەگ داکۆتانی فکری مۆدێرنەوە لە دایك دەبێت و فێمینیزم وەك چەمکێکی هاوواتا بۆ بزوتنەوەی ژنان بەکاردێت. لەم قۆناغەدا دوو ڕوانگەی سەرەکیی بۆ پرسی ژنان هەن، کە یەکێکیان لە ڕوانگەیەکی سۆسیالیستییەوە و ئەوەی تریان لە ڕوانگەیەکی لیبرالیستییەوە لە دۆزەکە دەڕوانن. دوابەدوای دامەزراندنی کۆمەڵێك ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە ئینگلتەرە و فەرەنسا و ئەڵمانیا، ساڵی ١٨٩١ کرێکاری ئافرەتی ئەڵمانیا کەوتنە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی" یەکسانی (Gleichheit) کە کلارا تسێتکین( Klara Zetkin) بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ لەسەر یەك سەر نوسەری بوو. هەنگاوی گەورەی داهاتوو لەسەرجەمی بزوتنەوەی ئافرەتاندا بەستنی یەکەم کۆنگرەی جیهانی ئافرەتە سۆسیالیستەکان، لە شتوتگارت بوو، کە ساڵی ١٩٠٧دەستەی سکرتێرانی ژنانی جیهانی، بە سەرۆکایەتی" کلارا تسێتکین" یان دامەزراند. ( مەزهەر: ٢٠٠٨: ٣٦). تا ئەوەی لە ساڵی 1910 لە کۆنفراسێکی نێودەوڵەتیدا کلارا تسێتکین پێشنیازی ڕۆژی جیهانی ژنان دەکات. ئەو وەك چالاکوانێکی سیاسی بە پێی بیروباوەڕی سۆسیالیستی، هەوڵ بۆ یەکسانی ژنان و مافەکانی چینی پرۆلیتاری ژنان دەدات و پێداگری لەسەر مافی دەنگدانی ژنان و بەشدارییان لە سیستەمی سیاسی بەڕێوەبردن و حوکمڕانیدا دەکرد. پێدانی مافی دەنگدان بە ژن بۆ یەکەمجار، لە دەیەی یەکەم و دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بە دەستکەوتێکی گرنگی خەباتی ژنان دادەنرێت. لە هەمان قۆناغدا بەرامبەر ئەوە وادەبینرێت فێمینیزمی لیبراڵی، وەك هێڵێکی سەرەکی بە هەناوی کۆی شەپۆڵ و قۆناغەکانی بزوتنەوەی فێمینیزمدا چووەتەخوار. کەسێکی وەکو "بیسلی" فێمینیزمی لیبراڵیی، بە دیارترین و بە ناوبانگترین شێوەی فکری فێمینیزم لە قەڵەم دەدات، تەنانەت پێیوایە دەکرێت چەمکی لیبرالیزم وەك هاوواتای چەمکی فێمینیزم بەکاربهێنرێت. ( رودگر: ٢٠١٩ : ٨١).

ڕەوتەکانی نێو ئەم شەپۆڵە زۆرجار بە شەپۆڵی یاخیبوونێکی پەرگیر دەناسرێت، چونکە هەر بەوەندە ناوەستن، بەڵکو داوای دروستبوونی ئایینێکی تازەی ژنانە دەکەن، لە سەر بنەمای ئەو بۆچوونەی ئایینەکان ئایینی پیاوانەن. بۆیە بەشێك لە مانە بە فێمینیستە ڕادیکاڵەکان ناسراون. ویستی دووەم ویستی دەرچوونە لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی دایکانە و خستنەوەی منداڵ و ئەرکی ژنانە، چونکە پێیانوایە هەریەك لەمانە دەبنە هۆکاری لاوازی پێگەی ژن و زاڵبوونی زیاتری پیاوان بە سەر ژناندا، بەوەی ناتوانن وەکو پیاوان کاربکەن و دەستکەوتە مادییەکانیان بە یەکسانی دەستەبەر بکەن. ئەوەشی هەر یەك لەم شەپۆڵانە دەکاتەوە بە یەك ویستی یەکسانی و بنەمای بەرامبەرییە، ئەمەش خۆبینەوەی ژنە وەك هێزێکی تر، بەرامبەر بە هێزی ڕەگەزی ئەویتری پیاو.

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp9-27

'سیمۆن دی بۆڤار' لە کتێبی 'ڕەگەزی دووەم' دا ئەم بەرامبەرە، بە چەمکی "ئەویتر" گوزارشتی لێدەکات. ئەم کتێبە بە یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی قۆناغی دووەمی فێمینیزم دادەنرێت. نوسەر لەم کتێبەدا ئەگەرچی پرسی ژن لە واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابوری و پەروەردەییدا دەوروژێنێت، ڕەخنەی ئەم واقیعە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەش دەکات، کە ژن دەستەمۆ دەکات و وای لێدەکات بە درێژایی مێژوو بکەوێتە ژێر حوکمی نا یەکسانی ئەویترەوە. نوسەر دوای ئەوەی لە ڕوی مێژووییەوە، لە واقیع و بارودۆخی ڕابردوی ژنان دەدوێت، پێیوایە بە درێژایی مێژوو ئەم جیهانە هەمیشە هی نێرینەکان بووە. ( دیبۆڤار: ٢٠٢١: ٨٢) دی بۆڤار پێشیوایە " لە واقیعدا ژنان هەرگیز بەها مێینەکانیان نەکردووەتە هاودژی نێرینەکان. ئەوە پیاوانن دەیانەوێت ئیمتیازە نێرینەییەکان بەرقەرار بکەن و ئەم دابەشبوونەیان داهێناوە. ئەوان ویستیان قەڵەمڕەوی مێینەیی دروستبکەن، بیکەن بە ڕێسای ژیان، ڕێسای ناوەکیبوون، تەنیا بۆ ئەوەی ژنی تێدا قوفڵ بکەن." (دی بۆڤار: ٢٠٢١: ٨٦). ئەگەرچی لێرەدا نوسەر پێیوایە ژن بەها مێیەکانی وەکو چەکێك دژی نێرینە بەکار نەهێناوە، ئەوە ئەویتری پیاوە دژایەتی خواست و دەسەڵاتی مێینە دەکات و دەیەوێت ژنی تێدا قوفڵ بکات. دیارە ئەمەش بۆ ئەم واقیعە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و پەروەردەییەی دەگەڕێنێتەوە کە ژن دەکات بە ژن و پیاو دەکات بە جەمسەری دەسەڵاتدار. بەڵام ئەگەر سەرنجی ئەم تێڕوانینە و درێژەی بۆچوونەکانی تری بدەین، هەناسەی ئەم دژایەتی کردنە جەمسەری و سایکۆلۆجییە، بەرامبەر بە ئەویتری پیاو، بە هەناوی کۆی بۆچوونەکانیدا دەچێتە خوار، بەمە ویستی ڕوبەڕوبوونەوەی ڕەگەزی بەرامبەر و ویستی یەکسانی، زیاتر ڕەگ دادەکوتێت و بنەمای تیۆری ئەم شەپۆڵەی فێمینیزم دەنەخشێنێت.

لەسەر هەمان بنەمای بیرکردنەوە شەپۆلی سێیەم لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە درێژە بە گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکانی خۆی دەدات، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز لە شەپۆڵەکانی پێشوتر، بەوەی لە ڕێگەی ڕێکخراوە جیاوازەکانی ژنانەوە بۆنمونە ڕێکخراوی ژنانی کرێکار، ژنانی پەنابەر، خەباتی ژنانی ڕەشپێست و...هتد، بە پێی واقیع و ئایین و کەلتورە جیاوازەکان، چەند بزوتنەوەیەکی جیاوازی لێ دەردەکەون، کە هەوڵ بۆ یەکسانی ماددی و مەعنەوی دەدەن، لە کۆی بوارە جیاوازەکانی واقیعی کۆمەڵگەدا. جگە لەوەی ئەم ڕەوتە گوزراشت لەو سەردەمە فکرییە دەکات، کە بە پۆست مۆدێرنیزم دەناسرێت، بابەتی جێندەر لە ڕوانگەی مافە ئابورییەکانی وەکو دەستبەرکردنی کاری تایبەتی بزنس و یاسای بەرێوەبردنی کۆمپانیا مەدەنییە گەورەکان، دەبێتە جێگەی بایەخی ئەم ڕەوتە. لە پاڵ وروژاندنی مەسەلەی توندوتیژی سێکسی و توندوتیژی مەعنەوی و چەندان بابەتی تری پەیوەست بە پاراستنی ژینگە و واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی کۆمەڵگەوە. "دیارە دوای بڵاوبوونەوەی تێڕوانینی پۆست مۆدێرنەکان، ئەم ڕەوتە دژی هەر جۆرە سنورێك دەوەستنەوە، کە فێمینیزم دەخەنە چوارچێوەی دەستە و تاقمێکەوە، چونکە ئەوان هەر سنور دیاریکردنێك بۆ کار و چالاکییەکانیان بە مانای بەرتەسکردنەوەی بزوتنەوەکەیان دەزانی." ( ئاسۆس: ٣٦ : ٢٠١٣) کۆی شەپۆڵەکان بەو پێیەی سەرچاوە لە یەك بنەمای فیکرییەوە دەگرن کە واقیعی ماددی و هەستەکییە، کۆی تێڕوانین و باسەکان سەرقاڵی واقیعی دەوروبەری ژنن، نەك چییەتی دۆخە وجودییەکانی ژنبوون.

## ١-٢. بنەمای بەرامبەربوونەوە و ویستی یەکسانی

ئەوەی لێرەدا گرنگە تێڕامانە لەو بنەما سەرەکییانەی ئامادەگییەکی بەردەوامییان لە کۆی قۆناغەکانی فێمینیزمدا هەیە ، چونکە لەگەڵ کۆی باڵە جیاوازەکانیدا، ئەم بنەمایە مۆرکی ویست و کۆی چالاکییە ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بوارە پێکدەهێنێت. ئەگەرچی تیۆرەکانی فێمینیزم بە پێی ئایدیۆلۆجیا و باڵادەستی ڕەوتی ڕۆشنبیری قۆناغەکان پێناسەکانی خۆی دادەڕێژێنەوە و هەوڵدەدەن خەون و ویستی ژنان، لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیاندا ڕەنگڕێژ بکەن، بەڵام ئەمە هیچ لە بنەمای فکری ئەم دنیا بینییە ناگۆڕێت کە مۆرکی کۆی قۆناغەکانی دەکات. بنەمای یەکسانی یەکێکە لەو کۆڵەکە سەرەکییانەی ڕاگیرکەری ئەم دنیابینییە مۆدێرنەیە، کە ژنی لێوە دەناسێنێت. چونکە خودی جوڵانەوەکە "دەکرێت بەوە بناسرێت، کە جووڵانەوەیەکە لە پێناو دووبارە ڕێکخستنەوەی جیهان لە سەر بنەمای یەکسانی هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ لە کۆی پەیوەندییە مرۆییەکاندا تێدەکۆشێت." (کوڵمار: ٢٠١٠: ١٨)

لەم دنیابینییەدا ژن وەك بکەرێکی دژی ڕکابەر، لەسەر بنەمای ڕوبەڕوبوونەوەی ئەویتری بەرامبەر ئامادەگی هەیە، هەوڵی خۆناساندن دەدات، واتە من ژنم لە بەرئەوەی پیاو نیم. ئەمجۆرە لە خۆناساندن، لە بەرئەوەی سەرچاوە لە بنەمای خۆناسینەوە ناگرێت، هەمیشە پێویستی بە بکەرێکە یان شتێکە ڕوبەڕوی ببێتەوە و پەرچەکرداری بەرامبەری هەبێت. ئەم ڕوبەڕوبوونەوەیە بەر لە هەر شتێك پێویستی بە دەستخستنی هێزی زیاتری ماددی، سیاسی، ڕەمزی، ڕۆشنبیری، زانستی و تەنانەت هێزی زیاتری جەستەیی و کۆی ئەو هێزانە هەیە، کە پێیانوایە دەستخستیان پێش مەرجی سەرکەوتنە بەسەر ئەویتردا. چونکە ئەوەی هەیە وەك ویستی یەکسانی خۆی نومایندە دەکات، بەڵام جەنگێکە پابەندی ویستی زاڵبوونە لە ڕێگەی دەستکەوتی زیاتری ماددی و ڕەمزییەوە.

لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم لێکدژییە فکرییەیە کە ئەم دنیابینییەی لە سەر دادەمەزرێت. بەوەی ویستی خۆ یەکسان کردن بە پیاو، بە مانای ئەوە دێت پیاو پێوەرە بۆ دەستگەیشتن بەو ژیانەی ژن خەونی پێوەدەبینێت، واتە لەلایەکەوە پیاو خاڵی بەرپەرچدانەوەیە وەك جەمسەرێکی دژ وێنا دەکرێت، لە لایەکی ترەوە ئەوی پیاو، نمونەی باڵایە یان پێودانگە سەرەکییەکەیە، منی ژن دەبێت خۆم بهێنمە ئاستی ئەو و خۆم لەگەڵیدا یەکسان بکەمەوە. ئەمەش وەك ئەو لێکدژییە وایە کە بڵێم " بۆ ئەوەی ژن بم، دەبێت وەك پیاو هەبم". کاتێك بە جۆرێك لە جۆرەکان هەست بەم لێکدژییە دەکرێت، ڕەوتێك دێت بە ناوی چارەسەرەوە، دەیانەوێت بیسەلمێنن ئەوان نایانەوێت وەك پیاو هەبن. بۆیە لە سەرهەمان بنەمای بەرامبەری، ئەمجارە دێن لە ڕێگەی دەرخستنی جەستە و گرنگیدان بە جیاوازییە جەستەییەکانی ژن، ژنایەتی خۆیان بە شێوەیەکی تۆختر پیشان دەدەن، واپیشاندەدەن نایانەوێت وەکو پیاو بژین و دەربکەون، بەڵکو دەیانەوێت وەك خۆیان ژنانە هەڵسوکەوت بکەن و دەربکەون، بەڵام لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا یەکسان بن و وەکو ئەوان حساب بۆ هێزی کار و دەستکەوتە مادییەکان و وەرگرتنی پێگە سیاسی و ئیدارییەکانیان بکرێت.

ئەوەی بۆ ئێمە مایەی تێڕامانە ئەو بۆشاییە وجودییەیە کە به هۆی نائامادەگی بوونی ژنەوە لە ناو هەریەك لەم بیروباوەڕانەدا هەیە. بۆیە ئەم وێنایانەی بۆ ژن هەن دەمانگەیەنێت بە واقیعە جیاوازەکانی دەورووبەری ژن و جەستەی ژن، بەڵام نامانگەیەنێت بە ناسینی ژن و دەرکەوتنی ژنێتی ژن. چونکە لەو بەرهەم و کاروکردانەی سەرچاوە لە دنیابینی ئەم تیۆرانەوە دەگرن، لە بری بەرکەوتنمان بە بوونی ژن و پەیبردن بە چییەتی ژن، بەرکەوتنمان لەگەڵ واقیع و جەنگی ماف و دەستکەوتەکاندا دەبێت، کە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp9-27

لە هەست بزوێنترین باردا، وێنەی کۆیلەیەکی گوناح بەرامبەر بە سەردارەکەیمان بۆ دەکێشێت کە چاوەڕێی فریادڕەسێکە.

ئەمە مانای بە کەم بینینی ئەو ماف و دەستکەوتانە ناگەیەنێت کە وایانکردووە واقیعی ژن، گۆڕانی بەسەردا بێت و بە دەستکەوتی ماددی و مەعنەوی تازە بگات. بەڵام ئەگەر ئەمجۆرە لە گۆڕان بە پێشکەوتن و هۆشیاری ژن بزانین، ئەوا ئەم پێشکەوتنە هیچ پەیوەندییەکی بە پێشکەوتن و باڵاڕەوی هۆشیاری عەقڵی ژن و تەنانەت پیاویشەوە نییە، بەڵکو لەلایەکەوە پەیوەندی بە پێشکەوتنی شتەکان و نەریتەکانی خۆشگوزەرانی واقیعی بازاڕی سەرمایەدارییەوە هەیە، بە دیوەکەی تریشیدا پەیوەندی بە جێگیربوونی نەریتە ئایدیۆلۆجییەکانی ئایینەوە هەیە. *( لێرەدا مەبەست لە ئایین گوزارشتە لە کۆی ئایدیۆلۆژییاکان، وەك ئەوەی هایدگەر لە چاوپێکەوتنێکیدا ئاماژەی پێدەدات، کۆی ئایدیۆلۆژییاکان بە ئایینە نوێیەکان ناودەبات.) کە لە بنەمادا یەکن، بەڵام خۆیان لە دوو جەمسەری جیاوازدا وێنا دەکەن، جەمسەرێکییان تێگەیشتنی ڕۆشنبیری ئایینی ئیسلامی سیاسییە بۆ ژنییەتی ژن، جەمسەرەکەی تریش تێگەیشتنی ڕۆشنبیری دنیایی و پەروەردە مۆدێرنەکەیەتی.

## بەشی دووەم

## ٢-١. چییەتی دەنگە جیاوازەکانی ژن لە نێوان خۆناسین و خۆنواندندا، لە شیعری "دەنگی ژن" ی "زەینەب خان" دا

بەشێك لە شیعرەکانی 'زەینەب خان' ڕێگە بە بیستنی دەنگە جیاوازەکانی ژن دەدەن، دەنگێك هی زۆربینەی ژنانە و دەنگێکی تر، کە لە بنەمادا جیاوازە لەم تێگەیشتنە باوە ڕەگەزی و کۆمەڵایەتییەی بۆ ژن هەیە. ئەمە جگە لەوەی شیعرەکان ڕێگە دەدەن لەگەڵیاندا بەدوای ئەو بنەمایەدا بچین کە ژنێتی ژنی تێدا دەدرەوشێتەوە. بەم واتایە شاعیر گوزارشتێکی ورد لە چییەتی ژن و دەنگی ژنانە دەکات. خوێندنەوەی بنەڕەتی شیعرەکان، ئەو گەشەسەندنە فکرییەی شاعیر دەردەخەن کە بەرهەمی بیرکردنەوەی ژنێکە لە بوونی ژنانەی خۆی. شیعری 'دەنگی ژن' یەکێکە لەو شیعرانەی لە ڕێگەیەوە پرسیار لە کرۆکی ژنێتی ژن دەکات و هەوڵی هێنانەگۆی دەنگی ڕاستەقینەی ژن دەدات. لەم شیعرەدا دوو جۆر لە دەنگی جیاوازی ژن دەبیستین: دەنگێکییان نوزەی ژنێکی زەعیفەی گوناحی بێدەسەڵاتە، لەگەڵ هاواری ئەو ژنانەی بە دروشم و هۆتافەوە دێنە مەیدان، ئەم نوزە و هاوارە ئەگەرچی لە چۆنایەتی و دەرکەوتندا جیاوازن، بەڵام لە کرۆکدا هەمان دەنگن؛ دەنگەکەی تریشیان دەنگی ژنێتی ژن و هۆشیاری ژن خۆیەتی.

شاعیر لە شیعری 'دەنگی ژن' دا هەوڵدەدات پەردە لەسەر بوونی ژن لابدات. ئەو بەوردی درك بە دەنگی ئەو ژنانە دەکات، کە بوونی ژنانەیان سەرچاوە لە نواندنەوەی واقیعە خوازراوەکان و لە جەستەیاندا دەبینن. ئەم دەنگە دەنگی ئەو ژنەیە:

"چوار سەعات لە بەر ئاوێنە، خۆی بابدا و بڵێ جوانم
کە تووشی، غەمێکی سووك بوو، دەست بکاتە قوڵپەی گریان"
( زەینەب خان: ٢٠١٧: ٨٤)

لێرەدا زەعیفەیی ژن سەرچاوە لەوەوە دەگرێت، کە بوونی لە سەر بینینی ئەویتر و ئەو بەهایانە بەندە کە دەرەوە پێیدەبەخشن. زەعیفەیی ژن سەرچاوە لەو پێناس و نازناوانەوە ناگرێت کە ژن وەك بوونەوەرێکی زەعیفە دەناسێنێت. واتە پێناسە و نازناوەکان ناتوانن بوونی ژن بکەنە بوونێکی لاواز و بە تاڵ، بەڵکو ئەمجۆرە لە دەنگی ژن، هەر لە خۆیدا دەنگی بوونەوەرێکی زەعیف و گوناحە. ئەمەش هەر لەبەر ئەوە نییە لەم بنەما بایەلۆجییەوە وەك زەعیفە دەبینرێت یان نابینرێت، لەبەرئەوەی لە خۆیدا بوونی بە شوێنێکەوە گرێ دەدات کە لە بنەڕەتدا ڕواڵەتی و ناجێگیر و گۆڕاوە. ئەگەرچی نیوە دێری دووەم گوتنی ناو نیوە دێری یەکەم دادەپۆشێت، بەوەی ناهێڵێت بە تەواوی دەنگی ئەم زەعیفەیە لەناو نیوەدێری یەکەمدا بناسین، چونکە وەك بەڵگەیەك هۆکاری بێهێزییەکە گەمارۆ دەدات و خوێندنەوەی بێسەرنجمان بەوە فریو دەدات، لاوازی ژن لەوەدایە کە زو دەستبکات بە گریان و نەتوانێت چارەسەری خەم و کێشەکانی بکات. بەڵام سەرنجدانێکی ورد ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە هەڵگرتنی هۆکاری پشت ئەم لاوازییە، بۆ کردەی گریانەکە ناگەڕێتەوە، چونکە لێرەدا خودی گریانەکە و نەبوونی توانای هەڵگرتنی خەم هەرچەندە سوکیش بێت، دەرکەوتە یان بەرئەنجامی شتێکی ترە کە لە نیوە دێری یەکەمدا بە ناڕاستەوخۆ دەوترێت. ئەویش لە بیرچوونەوە و نائامادەگی هۆشیاری ژنە بە بوونی خۆی، چونکە ئامانج لەم گرینگیدان و خۆبادان و پێدانی کاتە زۆرە، لێرەدا تەنیا لە پێناو دەرکەوتنی جەستە و جوانییەکەیەتی، نواندنەوەی ئەوەیە واقیعێکی دیاریکراو دەیخوازێت، بینینەوەی خۆیە لە ئاوێنەی ئەویتردا، ئەمەش هەمان دۆخی هەستکردن و تۆخبوونەوەی حزوری سروشت و جەستەی ژنانەی ژنە، کە لە هەمانکاتدا لە بیرچوونەوەی بوونی ژنێتی ژنیشە. ئەگەرچی پەیداکردنی بەهای ئەمجۆرە لە جوانی و تۆخکردنەوەی جەستە، زەرورەتێکی حەتمی ئەم دۆخەیە، چونکە بە بێ زەقکردنەوە و هەستکردن بە هەبوونی جەستە و شتەکانی، ناتوانێت هەبوونی خۆی بسەلمێنێت. ئیدی ئەم هەستکردن و تۆخکردنەوەیە بێتە ناو واقیعی ئاوێنە و ژیانی ڕۆژانە و بینینی ئەویترەوە، یان بچێتە ناو زەمان و حیکایەتەکانییەوە، هیچ لە بنەماکە ناگۆڕێت. بەڵام ئەمجۆرە لە -خۆ سەلماندن لە بنەڕەتدا خۆدەرخستنە و لە پێناو بەرجەستە کردنەوەی ئەو و بەرجەستەکردنەوەی ویستی ئەوانی تردایە، چونکە بە بێ ئاوێنەی ئەوانی تر و بەرجەستەکردنەوەی جیهانی واقیعە خوازراوەکە، ناتوانێت لە خۆیدا هەبێت.

کەواتە لێرەدا دەبێت بپرسین ئایا ئامادەبوونە واقیعییەکەی ژن لە دامودەزگا و شوێنەکانی کارکردندا، بەڵگەیە لە سەر بوونی ژن و ئامادەگی ژن لە مەیدانی ژیاندا؟ ئایا زۆری ڕێکخراوەکانی ژنان و وتنەوەی دروشمەکانی یەکسانی و ئازادی و مافی ژن، لە لایەن ژن و لە لایەن پیاوە یەکسانخوازەکانەوە، بەڵگەیە لە سەر ویستی ئازادی ژن و دەرکەوتن و ناسینی ژنێتی ژن لە کۆمەڵگەدا؟ بۆ ڕۆشنبوونەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە شیعری 'دەنگی ژن' زەمینەیەك بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە لە چییەتی ئەم دەنگە خۆش دەکات. پێشمەرجەکانی هاتنە مەیدانی ژن لە بیرکردنەوەی شاعیردا گرێدراوی چەند دەبێتێکی تری بنەڕەتییە.

"ژن دەبێ قودرەتی هەبێ، بزانێ چۆن دێتە مەیدان
خۆ هەر بە شیعارات نابێ، بڵێن شێرە ژنی ژیان"
( زەینەب خان:٢٠١٧: ٨٤)

ئەوەی لەم دێڕەدا دەبیسترێت ئەوەیە کە پێمانده‌ڵێت: ژنییەتی ژن لە ناو باوەڕی دروشم و هۆتافدا بەدینایەت، تەنانەت ئەگەر ژنێك هاتبێتە مەیدان و لە چاوی ئەوانی ترەوە وەك شێرەژنی مەیدانی ژیانیش ناسرابێت، بەڵگە نییە لە سەر دەرکەوتنی ژن و بیستنی دەنگی ژنێتی ژن ، چونکە هاتنە مەیدانی ژیان، ژن دەبێت زانینی پێی هەبێت، واتە لە هەنگاونانیدا بزانێت چۆن دێتە مەیدان، ئەم زانینەش دوای ئەوە دەکەوێت کە بزانێت بەچی دێتە مەیدانی ژیان. لێرەدا کاتێك دەپرسین ژن دەبێت چی هەبێت بۆ ئەوەی بزانێت چۆن دێتە مەیدان؟ پرسیارکردن نییە لە پێویستی هەبوونی شتێکی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp9-27

دیاریکراو یان هەبوونی کارو بڕوانامە و پێگەیەك لە پێگەکان، بۆ ئەم هاتنە مەیدانە پێویستی بە چەتری باوەڕێکی دیاریکراو و بەرزکردنەوەی شیعاراتی بیروباوەڕێکی دیاریکراو نییە، چونکە ئەوەی بۆ دەبێتی ئەم زانینە زەرورەتە، قودرەت و توانای پشت هاتنە مەیدانەکەیە. زانینی ئەم چۆن هاتنە ناو ژیانە، سەرچاوە لە هەبوونی شتێکەوە ناگرێت، واتە هەبوونی شتێکی دیاریکراوی ماددی پێشمەرجی ئەم هاتنە مەیدانە نییە، هەروەك چۆن هەبوونی بڕوایەکی دیاریکراو و بەرزکردنەوەی هیچ دروشمێك پێشمەرجی هاتنە مەیدانی ژیان نییە. چونکە هەنگاوی ئەم هاتنە مەیدانە سەرچاوە لەو توانایەوە دەگرێت کە لە ناو ژن خۆیدایە. بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەی ئەم قودرەت و توانایەی ژنبوون سەرچاوە لە چییەوە دەگرێت؟ ژنبوون ئەگەر لە سایەی خەباتی ژێر دروشمە جیاوازەکاندا دەرنەکەوێت کە وادەکەن ژن بێتە مەیدانی بوارە جیاوازەکانی ژیانەوە ئەی لە چییەوە دەردەکەوێت؟ ئەم پرسیارە هەمان ئەو پرسیارەیە کە لە دێڕەکانی دواتری شیعرەکەدا بوونی هەیە و دەپرسێت:

"قورسايی ژن لە کوێیە، کەناوی بنێن زەعیفە
مەگەر فاتیمە ژن نەبوو، دایکی دوو گەورە شەهیدان"
( زەینەب خان: ٢٠١٧: ٨٤)

پرسیارکردن لە قورسايی ژن، پرسیارکردن نییە لە قورسايی تای تەرازووەکە و هەبوونی شتە ماددییەکانی ژن ، بەڵکو پرسیارکردنە لە کوێیەتی قورسايی ژن، کە دیاریکەری چییەتی ژنە و ئەو جەوهەرەیە چەکەرەی بوونی لێوە دەردەچێت. ئەم پرسیارە لەخۆیدا پرسیار دەخاتە سەر بیروبۆچوونێکی تر کە پێناسەی ژن وەك بوونەوەرێکی ناتەواو و لاواز دەکات. کەواتە ئەم بوونەوەرە وەك ناوتان ناوە زەعیفە، ئەگەر زەعیفەیە ، بە چی توانیویەتی ئەم بارە قورسە قەدەرییەی خۆی هەڵگرێت؟ واتە لێرەدا دەمانخاتە بەردەم دوو هەڵبژاردەوە، یان ئەوەتا دەبێت بڵێین هەڵگری ئەم بارە قورسە ژن نییە، شتێکی ترە، یان دەبێت بڵێین ژنە، کە وتیشمان ژنە یان دایکە، ئەوا ڕاستەخۆ ئەو بۆچوونە هەڵدەوەشێتەوە کە پێمان وابێت ژن زەعیفەیە و بوونێکی لاوازی هەیە. لەڕوی لۆجیکییەوەش کەسێك مادام دایکە کەواتە ژنە. بەمەش ڕاستەخۆ ئەم بۆچوونە گومانی دەکەوێتە سەر کە وایکردووە ناو لە ژن بنرێت زەعیفە. چونکە کەسێك توانای هەڵگرتنی بارە قورسەکانی هەبێت، لە هەمانکاتدا ناتوانرێت ناونرێت زەعیفە. ئەگەر وردتر تەواوی کۆپلە شیعرییەکە بخوێنینەوە و گوێ بۆ دەنگی گوتنەکان ڕابدێرین، دوو دەنگی جیاواز دەبیستین، کە هەر یەك بە جۆرێك، حزوری ژنانەی ژن دەردەخەن:

"ژن دەبێ قودرەتی هەبێ، بزانێ چۆن دێتە مەیدان
خۆ هەر بە شیعارات نابێ، بڵێن شێرە ژنی ژیان
لە ناو فکرا، فکری هەبێ، وردبین و دووربین و ئازا
نابێ هەر دۆستی لانك و تەشی ڕێس بێ لە بن هەیوان
چوار سەعات لەبەر ئاوێنە، خۆی بابدا و بڵێ جوانم
کە تووشی غەمێکی سووك بوو، دەستبکاتە قوڵپەی گریان"
(زەینەب خان:٢٠١٧ :٨٤)

دەنگی یەکەم: دەنگی ژنێکە کۆی ئەو کارو کردەوانە جێبەجێدەکات کە بە ئەرکی ڕۆژانە و ژنانەی ئەو ناسراون. بۆ ئەوەی بەهایەك وەرگرێت، هەمیشە پێویستی بە کردنێکە بۆ ئەوەی هەبێت لە بەردەم ئەوانی تردا. ئەم دەنگە دەنگی زەعیفەیەکی بێ دەسەڵاتی گوناحە، هەر کاتێك ئەو هەوڵانەی لە بەردەم ئاوێنەکە- مەیدانی واقیعی کۆمەڵگە-دا دەیدات، جێگەی خۆی نەگرێت و لە ڕێیەوە ئامانجە سایکۆلۆجی و واقیعییەکانی نەپێکیت، گوێیان لە کڕوزانەوەی ئەم دەنگە و کێشە واقیعییەکانی دەبێت.

دەنگی دووەم: دەنگی بوونی ژنە وەك ئەوەی کە ژنە، زەینەب خان لە زۆربەر شیعرەکانیدا ئەم دەنگەی بە دەنگی شێرە ژن وەسف کردووە، ئەم دەنگە بۆ دەرکەوتن و سەلماندنی ژنێتی خۆی، چۆن هێز لە دروشم و بیروباوەڕێکەوە وەرناگرێت، ئاواش سەرچاوە لە جێبەجێکردنی کار و کردەوەیەکی دیاریکراوەوە ناگرێت، بەڵکو دەنگی ئەو هۆشیارییەیە کە بە ژنێتی خۆی هەیەتی و بەهای بوونی لێیەوە دەردەکەوێت. زۆربەی گوتنە شیعرییەکانی شاعیر گوزارشت لەم دەنگە دەکەن، دەنگی بوونی ژنە نەك دەنگی هاواری ژنانە. ئەم دەنگە، دەنگی بوونێکی تایبەتە، کە لەو پەڕی ژنێتی خۆیدا دێتەگۆ، بۆیە ئەمجۆرە لە دەنگ ئەگەر لە دەرەوەش بێدەنگ بێت، یان هەر نەبیسترێت، ئەوە مانای نەبوونی ئەم دەنگە و نەدوانی ناگەیەنێت.

دوای ئەوەی ئەوە ڕوندەبێتەوە هاتنە مەیدانی ژن نە بەشیعارات بەدیدێت و نە بە کردە و چالاکی و هاتنە مەیدانی ژیانیش، تەنانەت ئەگەر ئەم هاتنە مەیدانە لە دەرەوەدا وەك شێرەژنیش بمانناسێنێت، ئەوا بە هەمان شێوە جێبەجێکردنی ئەرك و ئیش و کاری ماڵەوەش ژن ناکات بە ژن. بەمپێیە بێت ژنی دەرەوە و ژنی ماڵەوە دەبن بە یەك، چونکە ئەوەی بەر لە هاتنە مەیدانی ژیان—چ لە دەرەوەی ماڵ بێت یان لە ماڵ-گرنگە و دەبێتی یەکەمی لێوە دیاریدەکرێت، وەك ئەوەی پێشتر ڕونبوویەوە، ژن دەبێت قودرەتی هەبێ و زانینی بە چۆن هاتنەمەیدانی ژیان هەبێت. جا ئەم دەبێتە سەرچاوە لە دەبێتیکی ترەوە دەگرێت، کە چەندین دەبێتی تری لێدەبێتەوە. واتە ڕیشەی ئەم قودرەتە دەبێ سەرچاوە لە فکر و بوونی ژن خۆیەوە بگرێت، نەك لە ناو شیعارات و هەبوون و پیشاندانی فۆرمی ژنانە و کار و کردەوەکانیدا.

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە نالێت دەبێت فکری هەبێت، بەڵکو دەبێ (لە ناو فکرا فکری هەبێ)، بە هۆی ئاوەڵناوی شوێنی (لەناو... دا) فکری یەکەم وەك شوێن بوون پەیدا دەکات، ئەمەش بەو مانایە دێت شوێنێکی مرۆڤ هەیە مەنزڵی ڕاستەقینەی فکر خۆیەتی، کە لێرەدا خۆی لە بیرکردنەوەدا دەدۆزێتەوە، بەوەی وەك مەودایەکی ناوەکی، مەنزڵی ڕاستەقینەی فکر خۆیەتی. کەواتە پێش مەرجی چۆنییەتی هاتنە مەیدانەکە ژن دەبێ لە ناو فکرا – لە ناو بیرکردنەوەدا ، بیر- فکری هەبێ. هەر ئەم هۆشیارییەیە دەبێتی وردبینی و دوربینی و ئازایەتی لەگەڵ خۆیدا دەکات بە زەرورەتی هەنگاونان. کەواتە ئەم ئامادەگییە فکرییە ڕاستەخۆ دەمانخاتە ناو غیابی جەستە و ئامانجە سایکۆلۆجییەکانی. غیابی جەستەی ژنانە بریتی نییە لە نەبوونی جەستە و گرینگی پێنەدان و فەرامۆشکردنی، بەڵکو ڕاستەوخۆ کاتێك ئەم حزورە فکرییە لە ژندا ئامادەگی پەیدا دەکات، هەستکردن بە جەستە و بارە سایکۆلۆجییەکانی ئازادانە خۆیان پاشەکشێ دەکەن، نەك ئەوەی بە مەبەست گرنگی پێبدرێت یان نەدرێت، یان بە زەختی بیروباوەڕێکی زاهیدانە و ئایینی پاشەکشەی پێبکرێت.

ئەمجۆرە لەبینین کە سەرچاوە لە تێڕامان یان فکر خۆیەوە دەگرێت، لە شیعرەکەدا بە چەمکی وردبینی گوزارشتی لێکراوە، وردبینیش مەودایەکی ترمان لە بینین پێدەبەخشێت کە جۆرێکە لە دوربینی. ئەم وردبوونەوەیە ئەگەر سەرچاوە لە هۆشیارییەوە بگرێت، وادەکات ئەوەی ئەوانی تر نایبینن و دەرکی پێناکەن ئەو بە بیرکردنەوە پێی بگات و ببینێت. نەبینینی ئەوانی تر سەرچاوە لەوەوە ناگرێت کە ئەوان توانای بینینی ئەوەیان نییە کە ئەو دەیبینێت، بەڵکو سەرچاوە لەوەوە دەگرێت کاتێك خواستەکانی مرۆڤ لە ناو شتە دیار و گشتی و باوەکاندا دەتوێتەوە ، بە پێی شتێك یان بە پێی ئەویترێك و بە پێی بۆچوونێکی نەریتی، شتەکان دەبینێت و بیریان لێدەکاتەوە.

" ئیمانوئیل کانت " ئەم دۆخە گشتییەی مرۆڤ ناو دەنێت دۆخی کاڵفامی و کەمتەرخەمی عەقڵی. لەو دۆخەدا مرۆڤ عەقڵێکی جێبەجێکاری دەبێت، نەك عەقڵێکی بیرکەرەوە. عەقڵی جێبەجێکار بەبێ بیرکردنەوە، چۆنایەتییەکان جێبەجێدەکات. کانت ( تەمبەڵی و ترسنۆکی -Faulheit und Feigheit) بەو دوو هۆکارە سەرەکییەی دەزانێت کە مرۆڤ لە دۆخی کەمتەرخەمی عەقڵیدا دەهێڵێتەوە. وە پێیوایە "بەشێکی گەورە و هەرە زۆری خەڵك – لەنێوانیشیاندا توخمی ناسك و جوان – واتە ئافرەت و خانمان – هەنگاونان بەرە و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، لەگەڵ ئەوەی بە سەخت وقورسی دەزانن، بە هەنگاوێکی ترسناکیشی دادەنێن." (kant : 2016 :5)

کەواتە هۆشیارنەبوون و هەڵنەگرتنی بەرپرسیارییەتییە ئۆنتۆلۆژییەکان، یەکسانە بە بیرنەکردنەوە و کەمتەرخەمی عەقڵی، لەوەدا کە پشت بە بنەمای کرانەوەی بیر خۆی نابەسترێت، تا کار و کردەکانی لێوە سەرچاوە بگرێت . (لە ناو فکرا، فکری هەبێ، وردبین و دوربین و ئازا) ئەو دوربینی و وردبینییە، لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە بە دیدێت و ڕێگەی دەرچوون لە بازنەی بینینی ئەوانی تر دەکاتەوە، ئەمەش ئازایەتی دەوێت. لێرەدا دەرچوون لە بازنەی بینینی ئەوانی تر، دەرچوونە لە تێڕوانینی نێو بازنە نەریتییەکان و گەڕانەوەیە بۆ ئەم بنەما عەقڵییەی لە سەرزەمینی بیرکردنەوەی تاکدا ڕۆشندەبێتەوە. واتە دەرچوون نییە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە نەریتێکەوە بۆ نەریتێکی تر، بەڵکو جوڵەیەکی ڕوحی و فکرییە، بۆ دەرچوون لە بازنە و چۆنایەتییە نەریتییەکانی بیرکردنەوەی گشتی، هەر لەم جوڵە فکرییەوە هۆشیاربەخۆبوونی مرۆڤ چەکەرە دەکات و گەشەدەسێنێت. ئەمەش بە بێ ئازایەتی عەقڵی مەحاڵ دەبێت. لەمەوە "کانت" هەر لە وتاری(ڕۆشنگەری چییە؟) دا دەڵێت ڕۆشنگەری پێماندەڵێت : کەواتە "ئازایەتیت هەبێت بۆ پێشوازیکردن لە عەقڵی تایبەتی خۆت. بەمشێوەیە هەر ئەمەیە ڕۆشنگەری". (kant : 2016 :5)

ئەگەر بۆ دێڕەکانی زەینەب خان بگەڕێینەوە، دوا بە دوای خستنەڕوی دەبێتەکانی شاعیر، لە پێویستی بیرکردنەوە و وردبینی و دوربینی و ئازایەتیدا ، کە هەر یەك لە مانە دەرکەوتەی چالاکی عەقڵێکی خۆڕێبەرییە، نەك جێبەجێکار، ئەمجارە سەرنجی نابێتەکان دەدەین (نابێ هەر دۆستی لانك و تەشی ڕێس بێ لە بن هەیوان ، چوار سەعات لەبەر ئاوێنە، خۆی بابدا و بڵێ جوانم) لێرەدا دوو وێنەی جیاوازی ژن دەبینرێت، کە سەرچاوە لە یەك بنەماوە دەگرن. بەبێ وردبوونەوە، خوێندنەوەی سەرپێیی دێڕەکان پێماندەڵێت ، ڕەخنەی ژن بەوە کراوە، ئەمجۆرە لە کاری ژنانە، وەکو ڕاژاندنی لانك و تەشی ڕێستن و زۆر شتی تر باوی نەماوە، وە نابێت گرنگی بە جوانی جەستە بدەین و کاتەکانمان لە بەر ئاوێنە بەسەر بەرین. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە خوێندنەوەی ڕوکەشی وشەکانە ، لە خوێندنەوەیەکی وردتردا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە لە ڕێگەی وشەی (هەر) هوە نابێتەکە دەکاتە دەبێتێکی مەرجدار ، (نابێ هەر) واتە نابێت هەر بە تەنیا ئەو کارانە بکات و بوونی ژنانەی خۆی لە کاری ڕۆژانە و ئەرکە واقیعی و سروشتییەکانیدا ببینێت. وە نابێت بوونی خۆی لە جوانی جەستەدا بدۆزێتەوە، بەڵکو دەبێت هەموو ئەمانە سەرچاوەیەکی تریان لە پشت بێت، تا ڕێڕەوی دروستی خۆیان بگرن، چونکە ئەو کاتەی بنەمای دەبێتەکە ئاشکرا دەکات، کە لێرەدا خۆی لە بیرکردنەوە و زەمینە ڕاستەقینەکەی فکردا دەدۆزێتەوە، دواتر ئەو نابێتانە دەخاتەڕو، کە هەموو ئەم کردانە بە بێ بنەمایەکی بنەڕەتی، لەوە دەکەون دەنگی ڕاستەقینەی بوونی ژن و لەسەر پێ خۆوەستانی ژنی لێبکەوێتەوە. واتە ژن بە تەنیا لە ڕێی هەڵگرتنی ئەرکی سروشتی دایکایەتی و لانك ڕاژەنین و خزمەت کردن و کاری ژنانەدا بەگشتی، تەنانەت لە دەرکەوتنی فۆرمی جوانی جەستەی ژنانەشیەوە، نابێتە ژن و دەنگی ژنی لێوە نابیسترێت. کەواتە کێشە لە کردن و نەکردنی ئەم کارانە و تەنانەت گۆڕینی جۆری کارەکاندا نییە ، لە ژورەوە بۆ دەرەوەی ماڵ، بەڵکو لەوەدایە هەموو ئەو کارو کردانە بە بێ سەرچاوەیەکی پتەوتر، وەك کۆمەڵێك کارو کردەی فۆرمی ژن دەمێننەوە، کە دەشێت هەر کەسێکی تر یان ڕەگەزی بەرامبەریش لە بری ژن ئەنجامیان بدات.

ئەوەی تا ئێستا لە گوتاری ڕۆشنبیری کوردی دوای ڕاپەڕین و لە بزوتنەوی فێمینیزمی ژنانی کورددا جەختی لێدەکرێتەوە، ئەوەیە کە ئەم مێژووە وەك قۆناغێکی تازەی ڕۆشنبیری مۆدێرنی کوردی، بە سەرەتای مێژووی هۆشیاربوونەوەی ژنانی کورد دادەنرێت. لە کاتێکدا پەیدابوونی هۆشیاری ژنی کورد، نەك گرێدراوی ڕۆشنبیری دوای ڕاپەڕین و پرسەکانی فێمێنیزم نییە لەم قۆناغە ڕۆشنبیرییەدا، بەڵکو هۆشیاری ژن گرێدراوی مێژووی شێوەگیربوونی خودی بزوتنەوەی فێمینیزم و سیستەمی بیرکردنەوەی مۆدێرنیش نییە، چونکە هۆشیاری ژن گرێدراوی مێژووی بوونی ئینسانییانەی مرۆڤ خۆیەتی. ئەوەی لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە ڕوندەبێتەوە ئەوەیە بە درێژایی مێژووی دێرینی کورد، زۆربەی ژنی کورد نمونەی ژن و میسالی ئاکارییانەی وجودی ئینسانن، بەڵام جەهلی ئێمەی کورد بە مێژووی دێرینی خۆمان، وایکردووە ناوونیشانی ئەم ژنانە ون بن. کەواتە ئەم نەزانییە وایکردووە دەنگی ئەمجۆرە لە ژن نەناسین و بوونی ژن لەو ئاوڕدانەوە کورتەدا دیاریبکەین، کە تیۆرەکانی فێمینیزم و گوتارە ڕۆشنبیرییەکان لێیەوە پێناسەی ژنمان بۆ دەکەن. لە درێژەی شیعری 'دەنگی ژن' دا ئەو ڕاستییە پەردەی لەسەر لادەدرێت:

"خۆ لە کوردستانی خۆشمان، نمونەی ئافرەتمان زۆرن
بە سەدانیان ناویان نییە، لە جەهلی کورد بوون بێ نیشان
خۆ ژنی کورد زۆربەی شێرو میسالی ئەخلاقی بوونن
لە جوانیدا، لە ژیریدا، لە دەست ڕەنگینی و لە کابان
دەبێ فرسەت بڕەخسێنن وەکو پیاو بۆ خوێندەواری
چەکی دەستیان مەعریفەت بێ، بەلەفزێکی ساف و ڕەوان"
( زەینەب خان: ٢٠١٧ :٨٤)

کەواتە بەر لە هەرشتێك هەروەك چۆن هەبوونی ژن لە مەیدانی ژیاندا، بەڵگە نییە لەسەر هەبوونی ژن و حزوری "قودرەتی" ژنانەی، بە هەمان لۆجیك نەبوونی ناوو نیشان و ناوبانگ، بەڵگە نییە لە سەر نەبوونی ژن لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی ئێمەدا، بەڵکو بەڵگەیە لە سەر نەزانینی ئێمە و "جەهلی" ئەوەی کە وا بێ ناوونیشانی کردون. ئەم دەنگە بەر لە هەر کەس خۆی توانای بیستنی خۆی هەبووە و هەیە، بۆیە ئەوەی لەلای ئەم دەنگە گرنگە ئەوە نییە دەبێتە خاوەنی ناو و ناوبانگ یان نا، بەڵکو ئەوەیە لە ژنبوونی نەکەوێت ، واتە ئەوەی گرنگە بەجێهینانی ئەو بەرپرسیاریەتییە ئۆنتۆلۆجییەیە کە بوونی ژنانە و مرۆییانەی لە کۆی کارو کردەکانیدا ڕەنگرێژ دەکات.

ئەوەی لێرەدا مایەی تێڕامانە ئەوەیە، ئەم دەنگە لە شیعری 'دەنگی ژن'دا کاتێك هەوڵدەدات هۆکاری ئەم ونبوونەی ژنی کورد دەستنیشان بکات، دێت لە ڕیشەدا هۆکارەکە دیاریدەکات، وەك تاوانێك نایخاتە ئەستۆی پیاو وەك ڕەگەزی بەرامبەر تا بیکاتە وەسیلەیەك بۆ دژبەری و ڕوبەڕوبوونەوەی. لە هەمانکاتدا بە دوای دەستنیشانکردنی هۆکارێکی دەرەکی و فاکتەرێکی کەلتوری و ئایینی و کۆمەڵایەتیشدا ناگەڕێت، تا وەك بەربەستێکی واقیعی پاکانە بۆ دەرنەکەوتنی ژن بکات، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوەی لەلای ئەو و لەم بیرکردنەوەیەدا گرنگە ناو و ناوبانگەکە نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەو خۆی دەزانێت بوونی ژن وەك ئەوەی کە ژنە لە مێژووی

ئێمەدا حزوری هەیە. بەڵام ئەوە "جەهل" و نابینایی ئێمەیە ئەوانی خستۆتە ناو پەردەپۆشی و نادیارییەوە.

کە دەڵێت -سەدان ژن- لە ڕاستیدا ئەمە ژمارەیەکی زۆر نییە، لە بەرامبەر هەبوونی ڕەگەزی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا، چونکە لێرەدا باسی هەبوونی ڕەگەزی ژن ناکرێت، بەڵکو باس لە دەرکەوتنی ژنێتی ژنێك دەکرێت کە ژیانی لە پێناو سەلماندنی بوونی خۆیدایە، ئەوانیش ئەو شێرەژنانەن کە نمونەی بەرجەستەکەری بوونی ئاکاری مرۆیین، چونکە حزوری ئەم ژنانە لە ژیاندا، حزورێکی ئاکاری و مرۆییە، کە لە جوانی و عەقڵ و دەستڕەنگینی و کابانیدا دەردەکەون: "میسالی ئەخلاقی بوونن، لە جوانیدا، لە ژیریدا، لە دەست ڕەنگینی و لە کابان". لێرەدا ئەم جوانییە هەمان ئەو جوانی نوێنییەی بەردەم ئاوێنەکەی ئەویتر نییە و سەرچاوە لە ویستی خۆپیشاندانە جەستەیەکەوە ناگرێت، بەڵکو سەرچاوە لە بنەمایەکی باڵاترەوە دەگرێت کە سەر بە جیهانە ئێستاتیکی و عەقڵی و ئاکارییەکەی بوونی مرۆڤە، ڕێگە دەدات ژن بە کۆی جیاوازییە ئۆنتۆلۆجییەکانی خۆیەوە ببێت و بێتە مەیدانی ژیان. واتە لێرەدا تەنانەت دەستڕەنگینی و کابانێتیش، وەك کۆمەڵێك کردەی سەر بە سروشت و بەهرەی جیاوازی بوونی ژن دەبینرێت، نەك وەك کارێکی ناچارانەی بەسەردا سەپاو، کە پێشتر وەك ئەرکی ژنانە و کاری ژنی ماڵ ڕونکرایەوە. ئەم دیدە ئێستاتیکییە و ئاکارییە وادەکات لە بری هەستی خۆ بەکەم زانین هەستی شانازیکردن بە بوونی ژنێتی و بوونی مرۆییانەی خۆی جێگەی بگرێتەوە، لە بری ناچاری، ئازادی لە کردەکانیدا بەرقەرار بێت. بەڵام لە دنیابینینە واقیعی و ماددییەکەدا لە بەر ئەوەی بوونی ژن، بوونێکە لە کرۆکدا خۆی بە لاواز و بێهێز دەبینێت، بەردەوام پێویستی بە وەرگرتنی هێز دەبێت لە شتەکانی دەوروبەری، بۆ ئەم دەستکەوتانەش ناچارە خۆی بە جیهانە دەرەکییە واقیعییەکە پڕ بکاتەوە، وەك فۆرمێك لە کۆی کار و کردەکانیدا لە هەوڵی خۆ بە ئەو کردندا بێت، بەمەش بوونی خۆی نەك لەم کارانە نادۆزێتەوە کە بە کاری ژنانە ناسراون، بەڵکو هەستی خۆ بە کەمزانینی پێدەبەخشن، بۆیە ژنی مۆدێرن بەردەوام پێویستی بە کارەکەرێکە ئەو کارانەی بۆ بگرنە ئەستۆ، تا ناچار بە کردنیان نەبێت و هەستی خۆ بەکەم زانینی لا کاڵ بێتەوە، بۆ ئەوەیە لە بەرامبەر ئەویتری ڕەگەزی بەرامبەر، نەچێتە ژێرباری ئەوەی بە ناچاری دەبینێت، لەبری ئەوە دێت هێز لە ڕوبەرو بوونەوەی ئەم ناچارییە وەردەگرێت، بەمەش دژی جیاوازی سروشتی جیاوازی خۆی و دژی بوون و ئەرکە ئۆنتۆلۆجییەکانی خۆشی دەبێتەوە.

بەمپێیە لە درێژەی دێڕەکاندا ئەوەی لەم دەنگەوە دەبیسترێت، دەنگی ڕوبەڕوبوونەوە نییە، دژی ڕەگەزی بەرامبەر، وەك ئەوەی لە هەناوی بزوتنەوەی فێمێنیزمدا هەیە، ئەوەی لێرەدا جێگەی مەبەستە ویستی فرسەت ڕەخساندنەکەیە، وەك زەمینەیەکی لە باری مەعریفی، بۆ ئەوەی ژن بتوانێت ئەوەی لە بوونیدایە و "میسالی ئەخلاقی بوونی"یەتی دەرکەوێت. واتە ئەو باس لە ویستی نیوەیەکی دژ ناکات بەرامبەر بە نیوەکەی تر، بەڵکو پێویستی و ویستی بوونێك دەخاتەڕو، وەك ئەوەی کە هەیە و کە پێویستە. بۆیە ئەم زەمینەسازییە یەکێکە لەو دەبێتانەی ئەوان ( دەبێ فرسەت بڕەخسێنن)، لێرەدا لە ڕێگەی جێناوی (کەسی سێیەمی کۆوە) دەزانین داواکە ڕوی لە ڕەگەزی بەرامبەر نییە، ڕوی لە کۆمەڵگەیە واتە ڕوی لە هەموو ئەوەیە کە دەکەوێتە دەرەوەی دەنگی ژنەوە، پێیان دەڵێت: وەك ئەوەی فرسەتی خوێندن بۆ پیاو هەیە، ئاواش دەبێ ئەم فرسەتە بۆ ژن بڕەخسێنین، کەواتە لێرەدا ویستی خۆ بە ئەو کردن لە پێناو بە دەستهێنانی شتێکدا نییە، بەڵکو مەبەست لە ڕەخساندنی فرسەتە مەعریفییەکەیە، چونکە لێرەدا مەبەست لە خوێندەواری دەروازەی دەستگەیشتنە بە زانین و زەمینە فکرییەکەی فکر، نەك شتێکی تری وەك بڕوانامە و دەستکەوتی ماددی، تاوەکو جەنگی ئەویتری پیاوی پێ بکات و تای تەرازوی یەکسانی پێ قورس بکات.

## ٢-٢. بوونی ژن وەك نیوەی کۆمەڵ لە تێگەیشتنی گشتیدا و وەك کائینێکی سەربەخۆ و تاکانە لە بیرکردنەوەی فەلسەفی شاعیردا

ئەگەر لە گوتنی یا دەستەواژەی (ژن نیوەی کۆمەڵە) ڕابمێنین ئەوا دیوەکەی تری ئەم گوتنە، پێماندەڵێت پیاویش نیوەکەی تری کۆمەڵە. لەم گوتنەدا هەمان بنەمای چەندێتیمان بۆ دەردەکەوێت، کە حوکمی ئەم تێگەیشتنە دەکات. نیوەی سێوێك، بوونێکی ناکاملی هەیە وەك سێو، ئەمە بۆ نیوەکەی تری بەرامبەریشی هەر دروستە، ئەم نیوەیە بۆ ئەوەی وەك بوویەکی تەواو هەبێت هەمیشە پێویستی بە نیوەکەی ترە. بە بێ نیوەکەی تر کامڵ نابێت، نیوەکەی تریش بە هەمان شێوە، نەك هەر لەخۆیدا کامڵ نابێت بەڵکو مادام وەك نیوە وێناکراوم و نیوەکەی ترم لەلای خۆم یان لە دەستی خۆمدا نییە و لە دەستی ئەویتر دایە، کەواتە بەبێ ڕازیکردنی ئەویتر، من وەك نیوەیەك نەك ناتوانم لە خۆمدا کامڵ بم، بەڵکو بۆگەنیش دەکەم، چونکە نیوە سێویکم، وجودێکی سەربەخۆم نییە و بە بێ ئەویتر نابم بە بوویەکی تەواو.

ئەم گوتنە وەك گوتنێکی لۆجیکی دروست لە تێگەیشتنی گشتیدا ڕەگ دادەکوتێت، چونکە ڕەوایەتی لە لۆجیکی ئەو بینینە سروشتی و واقیعییە باوە وەردەگرێت کە دنیای بەرژەوەندییەکانی لەسەر بەندە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم گوتنە تەنیا لە زماندا ڕودەدات، ململانێی نێوان لاسەنگی تەرازوی یەکسانی و جەنگی ڕێساکانی چۆنییەتی ئەم هاوسەنگکردنە دێتە ناو واقیعی ژیانەوە، بەڵام خودی گوتنەکە خۆی نایەتە ناو واقیعەوە تەنیا وەك بۆچوونێکی تیۆری برە و بە بەردەوامی ململانێی دانەکان دەدات. لە لایەکی ترەوە ئەگەر سەرنجبدەین بنەمای ڕستەکە چونکە بنەمایەکی سایکۆلۆجی هەیە، هەمان کاریگەریی سایکۆلۆجی لێدەکەوێتەوە، بەوەی لەلایەکەوە بە ویستی دەسەڵاتخوازی ڕەگەزی نێر دەڵێت خۆت پێ هەموویەکی کامڵ نەبێت، هەمووش هی تۆ نییە، تۆ نیوەیەکی ناتەواوی بە بێ نیوەکەی من وەك بەرامبەر. لەلایەکی ترەوە دڵنەوایی ئەو مێیبانە دەکات، کە هۆشیارییان بە بوونی تاکانە و ژنانەی خۆیان نییە وەك کائینێکی لە خۆدا کامڵ و سەربەخۆ، لە ڕوانگەی جیاوازی لاوازی هێزی جەستەیی و جیاوازی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە لە خۆیان دەڕوانن، ئەم ڕوانینەش هەستی خۆبەکەم زانینیان تێدا زاڵ دەکات، ئەوانەی سود لەم گوتنە وەردەگرن، لەوەدا هەر منی مێ نیوە نیم، ئەویتری نێریش نیوەیە، ئەم نیوەیە بۆ دابینکردنی پێویستییە غەریزی و سروشتییەکانی پێویستی بەم نیوەی من هەیە، منی نیوەش پێویستیم بە نیوەکەی ئەو هەیە، بەم شێوەیە بوونمان یەکسانە و بە هۆی پێکەوەبوونە جەستەییەکەوە دەبین بەیەك، لەم ڕێگەیەوەش بەردەوام کۆمەڵگەش گەورە دەبێت و پەرەدەسێنێت.

بۆ ئەوەی بنەما ئۆنتۆلۆجییەکانی ژنبوون ڕۆشنببێتەوە، دەبێت دەروازەی تێگەیشتنێکی تر بە ڕوی بیرکردنەوەماندا بکەینەوە سەبارەت بە ژنییەتی ژن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت و دەخوازێت لە بنەمایەکی ترەوە بیر لە ژنبوون و مرۆڤییەتی مرۆڤ بکەینەوە. ئەم پێویستییە بنەڕەتییەی بیرکردنەوە بۆ دامەزراندنی جیهانبینییەکی تر بۆ تێگەیشتن لە بوونی ژن و بوونی پیاو لە لایەك و دامەزراندنی جۆرێکی تر لە پەیوەندی نێوانییان، لە شیعری 'گەردون بێ ئێمە' ی زەینەب خاندا بەوردی گفتوگۆ دەکرێت.

"خاوەنی هیچ نیم
جگە لە دەستەکانم
جگە لە چاوەکانم
خاوەنی هیچ نیم
جگە لە خۆم
خاوەنی هیچ نیت
جگە لە من
با لە یەکتر ڕەها بین
لەو شتانەی بچووکمان دەکەنەوە
با دووجار بیربکەینەوە
لە ڕاستەقینەی ئاگایی
زەوی بێ ئێمە چەندە هەژارە
گەردوون بێ ئێمە لە کێ دیارە"
( زەینەب خان: ٢٠١٧: ٢٢٤)

ئەو زمانەی لێرەدا گفتوگۆی ئەویتر دەکات، زمانێکی ڕەگەزی نییە، سەرچاوە لە ئیرادەی ڕوبەڕووبوونەوە و ویستی ژنێکەوە ناگرێت کە هەست بە لاوازی خۆی بکات و بیەوێت لە ڕێگەی دەستکەوتە ماددی و مەعنەوییەکانییەوە بە ئاستی ئەویتر بگات، هەر وەك چۆن سەرچاوە لە ویستی کۆیلەیەکی بێ دەسەڵاتیش ناگرێت کە بە زمانێکی نیان و لوس بیەوێت دڵی سەردارەکەی ڕازی بکات، بەڵکو سەرچاوە لە بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی و جێگیرەوە دەگرێت کە دەکرێت هەریەك لە ژن و لە پیاو بە ڕێگەی بیرکردنەوە، بۆی بگەڕێتەوە و لە خۆیدا بوونی بنەڕەتی خۆی ببینێت. هەر ئەم خۆدۆزینەوەیە قاوغی بەتاڵی شتەکان ئاشکرا دەکات و وادەکات بوونی مرۆڤ لە ناو ئەوەی چەندێتی و مادییە بکشێتەوە. لە سەرەتادا گوتنی ناو دێڕەکە پێماندەڵێت ئەوەی من خاوەندارییەتی دەکەم جەستەمە بەوەی ناکەوێتە دەرەوەی بوونی منەوە. من خاوەنی هیچ شتێکی دەرەکی نیم، جگە لەو جەستەیەی کە هەمە. دەست و چاو و قاچم..ڕاستە بوونیکی ماددییان هەیە و سەر بە منن، بەڵام هەموو ئەمانە دەستکەوتێك نین لە دەستکەوتەکانی من و هیچ دەرەوەیەك پێی نەداوم. ئەم پێدراوە سەرو مرۆییانە و ئەندامە جەستەییەکانی مرۆڤ، لە دۆخی ئاساییدا، قۆناغەکانی خوڵقان و شێوەگیربوونی، دەکەوێتە پێش هاتنە ژیانە دنیاییەکەی مرۆڤەوە. بەڵام دۆزینەوەی ئەو مرۆڤەی لە ناو فۆڕمی ئەم چوارپەلە و جەستەدا لە بووندایە، گرێدراوی بیرکردنەوە و ویستی ئەم خۆداماڵینەیە کە مرۆڤ ناکات بە خاوەنی هیچ شتێك جگە لە خۆی، ( خاوەنی هیچ نیم جگە لە خۆم، خاوەنی هیچ نیت جگە لە من). بەمپێیە ئەوەی بوونی خۆی لە خۆیدا بدۆزێتەوە، وجودی مرۆییانەی خۆی لە شتدا نابینێت، بۆیە خۆی بە خاوەنی ئەویتری بەرامبەر نازانێت. - خاوەنی هیچ نیم، جگە لە خۆم- واتە حوکمی ئەویتر ناکات، هەتا وەك شتێك لە شتەکانی تەسەروفی پێوە بکات. بەڵام ئەویتری بەرامبەر بۆنمونە لە نێوانیاندا بە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی سروشتی و خوێنی وەك باوك یان برا هەیە، یان پەیوەندی ژن و مێردایەتی لە نێوانیاندا هەیە و گرێدراوی ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتی و ویستە جەستەییەکانە، ئەو وەك ڕەگەزی بەرامبەر واتە وەك پیاو، خۆی بە خاوەنی ئەویتری مێ دەزانێت وەك خوشك ، ژن ، کچ، دایك..هتد، لە ڕوانگەی خاوەندارییەتییەوە ئەمە بۆ ئەویش ڕاستە وەك ڕەگەزی مێ، کاتێك خۆی بە خاوەنی دەستگیرانەکەی یان مێردەکەی یان کوڕەکەی دەزانێت و وەك شتێك لە شتەکانی دەیانبینێت و حوکمییان دەکات.

بیرکردنەوەی شاعیر بەوەی لەم چوارچێوە غەریزەیی و ماددییەدا بوونی خۆی و بوونی پیاو نادۆزێتەوە، لە گفتوگۆکەدا باس لەوە دەکات ئەگەر تا ئێستا بەم جۆرە بیرمان کردبێتەوە و ئەم تێڕوانینە پەیوەندییەکانی ڕێکخستبێین، ئەوا با جارێکی تر لە ڕوانگەیەکی ترەوە بیر لە خۆمان و بنەمای پەیوەندی نێوانمان بکەینەوە. پێشمەرجی ئەم بیرکردنەوەیە ئازادی بوونی هەر یەکێکمانە، بینینی خۆمانە لە بوونی مرۆییانەی خۆمان نەك دۆزینەوەی خۆمان لە ناو ئەو شتانەی بچوکمان دەکەنەوە: "با لەیەکتر ڕەهابین، لەو شتانەی بچوکمان دەکەنەوە". کەواتە ئازادبوونمان لە ژێر حوکمی ویستە غەریزەییەکانمان لەلایەك و ئازادبوونمان لە خواستی هەبوویەتی و لەو شتە ماددییانەی بچوکمان دەکەنەوە، وادەکات خۆمان بە خاوەن و حوکمکاری ئەویتر نەزانین، وە ئەویتر بە وەسیلەی گەیشتن بە حەزەکان و پڕکردنەوەی ویستە جەستەییەکانمان یاخود بە لەمپەر و ڕێگری بەردەم گەیشتن بە حەز و خەونەکانمان نەبینین، بەڵکو وەك وجودێکی سەربەخۆ و ویستێکی ئازاد ببینین. ئەم وا نەبینینە وادەکات مرۆڤ لە یەکتر ڕەها بێت، ئەویتری ڕەگەزی بەرامبەر وەك فریشتەیەکی فریادڕەس، یان وەك شەیتانێکی ڕێگر نەبینێت، بەڵکو بوونی مرۆییانەی خۆی و ئەویتر، وەك پێویستییەکی وجودی ئەم کەونە ببینێت.

جا ئەم بینینە پێویستی بە جۆرێکی تر لە بنەمای بیرکردنەوە و ڕوانینە، نەك دیاریکردنی ڕێژەی بیرکردنەوەکە، ( با دووجار بیربکەینەوە، لە ڕاستەقینەی ئاگایی) لێرەدا شاعیر ئەگەرچی هۆشیاری بەوە هەیە کە دەبێت بە جۆرێکی تر لە خۆمان و لە ڕاستی پەیوەندییەکانمان بیربکەینەوە ، بەڵام پێیوایە بە دووجار یان چەند جارێك بیرکردنەوە دەگەینە ئەم تێگەیشتنە بنەڕەتییە، لە کاتێکدا بۆ گەیشتن بەم هۆشیارییە، دۆزینەوەی بنەمایەکی تری بیرکردنەوە گرنگە ، نەك دووجار و چەند جاری ڕێژەی بیرکردنەوەکە، چونکە ئەوەی گرنگە و جیهانبینی مرۆڤ دەگۆڕێت، ڕێژەی زیاتر و چەند جارەی بیرکردنەوەکە نییە، بەڵکو دۆزینەوەی بنەمایەکی لۆجیکی ترە بەدەر لەو تێڕوانینە سروشتی و ماددییەی کە هەیە.

کاتێك مرۆڤ بەهای خۆی لە شتەکانیدا نابینێت، لە بری ئەوەی بیر لە چۆنییەتی دەستخستنی زیاتری شتەکان بکاتەوە بەرامبەر بە ئەویتر، بیر لە چییەتی خۆی دەکاتەوە. بەمەش ڕێڕەوی بیرکردنەوەی مرۆڤ لە ململانێ و چۆنییەتی سەرکەوتن و گرتنە دەستی دەسەڵات بە سەر ئەویتردا، وەك ئامانجی ژیان دەگۆڕێت بۆ بنەمایەکی تر، ئەم بنەمایە کە بوونی لە ئاگایی و هۆشیاربەخۆبوونی مرۆڤدایە، گەنجینەیەکی تری بەهادارترمان پێدەناسێنێت، جیاواز لە دەستکەوتنی ئەو بەها ماددی و کۆمەڵاتییانەی گەورەیی خۆمانی تێدا دەبینین. لە کاتێکدا ئەم بەهایانە لە بنەڕەتدا بچوکمان دەکەنەوە، چونکە لە خۆمان بەتاڵ دەکەنەوە و غافڵمان دەکەن لە هۆشیاربوون بە بەهایەکی تری بنەڕەتی کە ماناکەی لە بوونی مرۆڤ خۆیدایە. ئەم غافڵ بوون و بیرنەکردنەوەیە وادەکات تێگەیشتنمان بۆ جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز نەبێت وەك پێویستییەکی سروشتی و ئۆنتۆلۆجی شێوەگیربوونی ئەم کەونە. لەبەرئەوە دێین، نەفی ئەم جیاوازییانە و بەهاکانییان دەکەین، لە پێناو دەستکەوتنی کۆمەڵێك بەهای ماددی و مەعنەوی تردا کە ئەگەر لە دەرەوەدا کەسایەتی مرۆڤ گەورە بکات و دەهسەڵاتیشی پێ ببەخشێت، ئەوا لە بنەڕەتدا بوونە بنەڕەتییەکەی ئینسان بچوك دەکەنەوە و بوونییان وەك نیوەیەك گرێدراوی یەکتری دەکات. لە کاتێکدا ژن ڕەها لە پیاو، پیاویش ڕەها لە ژن، لە پەیوەندییەکی ئازادانەدا بوونیان پێدەگات و دەردەکەوێت، چونکە هەریەکەیان بوونی گرێدراوی هەبوونی ئەویتری بەرامبەر نییە، هەر یەکەیان وەك کائینێکی سەربەخۆ، بوونێکی یەکانگیر و تاکانەیان هەیە بە کۆی جیاوازییەکانییانەوە. هەر ئەم هۆشیارییە

بنەڕەتییەیە وادەکات  بوونیان لە یەکتری ڕەهابێت و ئازادی بە مانا عەقڵییەکەی دیاریکەری بنەمای پەیوەندی نێوانییان بێت.

کەواتە ئەم ئاگاییە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، بوونی هەر یەکێکمان وەك مرۆڤ و وەك ئەوەی لە بوونیدایە، لە خۆیدا گەنجینەیەکی مەعریفی بەهادارە، چونکە وجودێکی ئازاد و سەربەخۆی ئاگانەیە. زەوی بەم هەموو شتە ماددییەی کە هەیەتی بەرامبەر بە ئاگایی ئەم گەنجینە مەعریفییە چەندە هەژارە. گەردونیش بە هەموو شت و بوونەوەرەکانییەوە، لەگەڵ ئەم هەموو گەورەییەی کە هەیەتی، بە بێ ئێمەی مرۆڤ لە کێ دیارە؟ ( زەوی بێ ئێمە چەندە هەژارە، گەردون بێ ئێمە لە کێ دیارە). ئەوەی وادەکات زەوی بەم هەموو سەروەت و سامانە سروشتی و ماددییەی کە هەیەتی بێ بوونی ئێمە( ژن و پیاو) هەژار بێت و بە ئێمەشەوە دەوڵەمەند، ئەوەیە تەنیا مرۆڤ خاوەنی ئەم گەنجینە عەقڵییە و مەعریفییەیە کە لە هەر یەکێکماندایە، بە بێ ئەم گەنجینەیە ئەم گەردونە چەندە گەورە بێت، لە هیچ بوونەوەرێکەوە دیار نییە، چونکە تەنیا مرۆڤ دەتوانێت ئاگایی بە بوونی خۆی و گەردون و ڕاگێرکار و خوڵقێنەرەکەشی هەبێت.

شیعری 'گەردون بێ ئێمە' ئەگەرچی لە ساڵی شەستی سەدەی ڕابردودا نوسراوە، بەڵام بەوەی سەرچاوە لە پرسیار و بیرکردنەوەیەکی بنەڕەتییەوە دەگرێت، دەرگا بەسەر جۆرێك لە بیرکردنەوەی تردا دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە بوونی ژن و بوونی پیاو. هەر لەم تێگەیشتنە بنچینەییەوە ئیمکانی لە دایکبوونی جۆرێك لە پەیوەندی تر دێنێتە ئاراوە، سەرچاوە لە بنەمای ئازادییەوە بگرێت ، نەك بنەمای بەرژەوەندی و خواستە غەریزی و مادییەکانی ناو تەرازوی یەکسانی. ئەو یەکسانییەی هەمیشە دنەی جەنگە واقیعی و سایکۆلۆجییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز دەدات، تای تەرازوی ئەویان لە میان زیاتر بێت. لە باشترین حاڵەتی یەکسانیشدا یەکیان دەکات بە ئەویتر تا وەك ئەوی پیاو یان وەك ئەوی ژن، لە کۆمەڵگەدا بەها پەیدا بکات.

ئەم بنەما ڕەگەزییە بۆ بینینی ڕەگەزی ئەویتر و تێگەیشتن لە ژنبوون، ئەگەر لە بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژیا سەردەمییەکانی مێناسیدا لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکدا، سەرچاوەی لە بنەمای بەرامبەری و ویستی یەکسانییەوە گرتبێت، خۆی لە هاتنە مەیدانی ژن بۆ ناو واقیعی کارکردن و  بەرزکردنەوەی دەنگی ژن و پەرچەکرداره سایکۆلۆجی و واقیعییەکاندا بدۆزێتەوە، ئەوا بە دیوە  نەریتییەکەی تریدا خۆی لە بێدەنگیدا دەدۆزێتەوە، بێدەنگییەك کە سەرچاوە لە هەستی خۆ بەکەم زانین و بێدەسەڵاتییەوە دەگرێت. بەکورتی دیوە نەریتی و کەلتورییەکەی تێگەیشتن لە ژنبوون کە خۆی لە بێدەنگبوون و خۆ بەدەستەوەدانی ژندا دەدۆزێتەوە، لەگەڵ دیوە مۆدێرنەکەی ژنبوون کە خۆی لە هەڵبڕینی دەنگ و ویستی کار و دروشمەکانی یەکسانی و ئازادی واقیعیدا دەدۆزێتەوە، دوو ڕوی یەك دراون، ڕاستە بە دوو نەریت و شێوازی جیاواز دەردەکەون، بەڵام گوزارشت لە شوێنێکی ژن دەکەن لە کرۆکدا جیاوازە لە و شوێنەی سەرچاوەی هۆشیاربەخۆبوون و -ڕاستەقینەی ئاگایی- ە وەك ئەوەی لە ڕێگەی شیعرەکەوە ڕۆشنبوویەوە.

بۆ ئەمە ئەگەر سەرنجی شیعرێکی تری شاعیر بدەین بەناونیشانی 'ڕەگەزی ئێمە'، ئەمجۆرە لە بێدەنگی و لە بێدەسەڵاتییەی ژن دەبینین بەرامبەر بەو توند و تیژییە واقیعی و کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییەی  بەرامبەر ڕەگەزی مێ هەیە لە کۆمەڵگەدا . ئەگەر چی شیعرەکە لە دیدێکی گشتی و واقیعییەوە باس لەو توندوتیژییە دەکات کە ڕەگەزی نێر بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ دەینوێنێ، بەڵام لە ناونیشان و ناوەڕۆکی شیعرەکەدا ئەوە ڕوندەبێتەوە، بنەمای ئەو زاڵم و مەزڵومەی لێرەدا وێناکراون، سەرچاوە لەو دیدە ڕەگەزییەوە دەگرێت، کە نێر بەرامبەری مێ ، مێ بەرامبەر نێر وەك دوو جەمسەری لێکدژ ڕادەگرێت، نەك وەك دوو بوونی جیاواز لە گفتوگۆدا.

"من مێ
تۆ نێر
ترس و برسیەتی کوشتوومی
تۆش پاڵەوانی ئازا و تێر"
(زەینەب خان: ٢٠١٧: ٢٣٥)

لێرەدا  لەبەرئەوەی بیرکردنەوەی ناو واقیعی گشتی  لە دیدە ماددی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییەکەوە حوکمی ئەم  شیعرە دەکات، نەك بیرکردنەوەیەکی بنەڕەتی، منی (مێ) لە جەمسەرێکە و ئەوی (نێر) لە جەمسەرەکەی ترە. منی (مێ) ترس و برسیەتی کوشتویەتی، واتە منی (مێ) لە لایەکەوە گیرۆدەی ئەو واقیعە ئابورییەیە کە خۆی لە برسیەتی و ناڵەباری دۆخی ئابوریدا دەدۆزێتەوە. لە لایەکی ترەوە  گیرۆدەی ترس لە ئەویتر و هەڵگری ئەو بارە دەرونییەیە کە هەیەتی. هەریەك لەمانە سەرچاوە لەو واقیعە کۆمەڵایەتییەوە دەگرێت، کە ئەوی (مێ) برسی و ئەوی (نێر) تێرە، ئەوی ( مێ) بێدەسەڵات و ترساوە،  ئەوی ( نێر)  وەك پاڵەوان و دەسەڵاتدار بوونی هەیە.

"تۆ دەست وەشێن
من بێ دەستم
تۆ بێ هەست و
من بەهەستم"
( زەینەب خان:  ٢٠١٧ : ٢٣٤)

ئەم ئازایەتییە و دەسەڵاتەی لێرەدا ( نێر) دەینوێنێ، سەرچاوە هەر بەتەنیا لە هێز و بازوی جەستەییەوە ناگرێت، بەوەی کە پیاو جەستەیەکی بەهێزتری هەیە و ژنیش جەستەیەکی لاواز و بێ هێز ، بەڵکو بەکارهێنانی ئەم هێزە کە خۆی لە دەست وەشێنییدا  دەدۆزێتەوە وەك جۆرێك لە توند و تیژی جەستەیی و فیزیکی، بۆ بێ شعوری یان بێ هەستی کەسەکەی دەگەڕێنێتەوە، هەروەك چۆن هۆکاری نەبوونی پەرچەکرداری ئەوی ( مێ ) بەرامبەر بە ئەوی (نێر) هەر بەتەنیا بۆ واقیعی بێ دەستی کەسەکە ناگەڕێتەوە کە عیبارەتە لە نەبوونی هێز و لاوازی جەستەیی، بەڵکو بۆ نەبوونی ویستی ڕووبەڕونەبوونەوە و بۆ شعوری خۆی دەیگەڕێنێتەوە، جیاواز لە ڕەگەزی بەرامبەر. بەم پێیە بێت ئەوەی لە پشت نەبوونی پەرچەکردار و ئەم بێدەنگییەدا هەیە، بێدەسەڵاتی و بێ هێزی نییە، بەڵکو ئەو شعورە ناوەکییەیە، ئەو لە چوونە ناو جەنگی ڕوبەڕوبوونەوە و دوژمنایەتی کردنی ئەویتر دەپارێزێت. لە کۆپلەی سێیەمدا دەڵێت:

"بەهرەت هەبێ
بەهرەدارم
دوژمنایەتی تۆ چییە
چێژ وەردەگری لە ئازارم"
(دیوانی زەینەب خان: ٢٠١٧ : ٢٣٥)

جۆرێك لە خۆبەرامبەر کردن لێرەدا دەبینرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا وەك خۆبەرامبەرکردن دەردەکەوێت سەرچاوە لەویستی یەکسانییەوە ناگرێت، بەوەی بنەمایەکی دەرەکی و ماددی نییە. لێرەدا ئەوی پیاو سەنتەر یان پێوەری سەرەکی نییە بۆ خۆتەباکردنەوە لەگەڵیدا، بەڵکو ئەوەی لە خۆیدایە پێوەرە بۆ بوونی مرۆییانەی خۆی. ئەویش ئەو بەهرە و فەزیلەتە مرۆییانەن کە بە جیا لە بوونی هەر یەکێکیاندایە .

خۆبینینەوەی خۆ لە دەرەوەی دەستکەوتە ماددی و کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارێکی ترە بۆ نەچوونە ناو تای تەرازوی بەرامبەری و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەویتر. ئەگەرچی لێرەدا ئەوی (نێر) نەك هەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوی (مێ) بەردەوامە، بەڵکو چێژ لە بەکارهێنانی هێز و دەسەڵاتەکەشی وەردەگرێت لە ئازاردانی ڕەگەزی بەرامبەردا، بەڵام هەموو ئەمانە منی ( مێ ) ناخەنە ناو پەرچە کردار و نایبەنە ناو مەیدانی جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەویترەوە. لێرەدا ئەوەی لە پشت ئەم نەچوونە دایە، بە پێی ئەوەی لەشیعرەکەدا خراوەتەڕو سەرچاوە لە ترس لە دەسەڵاتی ئەویتر و ترس لە توندوتیژی جەستەیی و ترس لە جنێو و توندوتیژی دەرونییەوە دەگرێت، کە هاوکاتە لەگەڵ هەبوونی شعورێکی مرۆیی نەك شعوری دڕەندەیەکی غەیرە مرۆیی. هەموو ئەم پاڵنەرانە وەك پاڵنەری واقیعی و سایکۆلۆژی ئەوی ( مێ ) دەکەنە بوونەوەرێکی بێدەنگی مەزڵوم و گوناح.

## ٢-٣. هەڵگەڕانەوەی تای تەرازوی یەکسانی و دیاریکردنی بنەمای بەدبەختی منی ژن و ئەوی پیاو لە تێڕوانینی عەقڵیدا

کەواتە بەدبەختی من لە چیدایە؟ ئایا وەك ئەوەی لە شیعرەکەی پێشو دەردەکەوێت بەدبەدختی من لەوەدایە کە لە ڕەگەزی مێینەم؟ یان بە دبەختی من لەوەدایە کە برسی و بێدەسەڵات و لاوازم؟ یان چارەڕەشی من بە هۆی دەسەڵاتی ئەوی نێر و بە هۆی ترسانم لە توندوتیژی جەستەیی و ڕوشانی دەرونی و ڕیسواکردنی کۆمەڵایەتییەوەیە؟ ئایا سەرچاوەی بەدبەختی من ئەوەیە دۆخی ماددیم خراپە؟ وەك ئەوەی "وۆلف" دیاریدەکات ئابورییەکی سەربەخۆ و ژورێکی تایبەت بەخۆم نییە؟ ئەگەر لێرەدا هەڵوەستەیەك بکەین و بگەڕێینەوە بۆ بۆچوونەکانی "ڤیرجینیا وۆلف" هەمان ئەو پرسیارە دەکات کە " زەینەب خان" لە کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەی پێشودا دەیخاتەڕو.

"من مێ<br>
تۆ نێر<br>
ترس و برسییەتی کوشتوومی<br>
تۆش پاڵەوانی ئازا و تێر"<br>
(زەینەب خان:٢٠١٧ : ٢٣٥)

واتە بەراوردی دۆخی نەبوونی ژن و هەبوونی پیاو دەکات. وۆلف" یش لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا" ژورێك بە تەنیا بۆ خۆت" لەو کاتەی ئاماژە بە نان خواردن و خوانی دوێنێ نیوەڕۆ و ئێوارەکەی دەکات، بەراوردی هەژاری ژن و دەوڵەمەندی پیاو دەکات و پرسیار لەوە دەکات بۆچی پیاوەکان شەڕاب دەخۆنەوە و ژنان ئاو؟ بۆچی بارودۆخی یەکێك لە ڕەگەزەکان هێندە دەوڵەمەند و سەرفرازن؟ بارودۆخی ڕەگەزەکەی تر تا ئەو ڕادەیە هەژارن؟ کاریگەریی هەژاری لە سەر نوسین چییە؟ پێیشمەرجە پێویستەکانی کاری داهێنان چین؟" ( وۆلف : ٢٠٠٩: ٥٩). ئەوەی لە نێوان ئەم دوو تێڕوانینەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە، لەڕوی بابەتەوە هەریەك لەم دوو تێڕوانینە باس لە خراپی دۆخی ماددی ژن و باشی باری ئابوری پیاو دەکەن. بەڵام ئەگەر ئەم ڕوانینە درشتبینە تێپەڕێنین، سەرنجدانێکی وردتر ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە ئەگەرچی لە ڕوکەشدا هەریەك لەم دوو بۆچوون و دۆخی بەراوردکارییە هاوڕا و چوونییەك دەردەکەون، بەڵام لە بنەمادا جیاوازییەکی کرۆکی لە یەکتریان جیادەکاتەوە. بەوەی دۆخی ئەو ژنەی لە شیعرەکەدا وێناکراوە برسییەتییە، واتە سەرچاوە لە یەکێك لە پێداویستییە سەرەکییەکانی مانەوەی جەستەوە دەگرێت لە ژیاندا. تێری ئەوی نێریش سەرچاوە لە توانای دابینکردنی هەمان ئەو پێداویستییەوە دەگرێت کە بۆ مانەوەی جەستەی مرۆڤ زەرورەتێکی حەتمییە. لە کاتێکدا لە پرسیارەکەی "وۆلف"دا دۆخی بەراوردکارییەکە ئاستێکی ماددی تری هەیە، مەسەلە برسییەتی و تێنوێتی یان تێری نییە. لە خوانەکەدا هەردوو ڕەگەز ئەوە دەخۆن کە لە خوانەکەدا بەرجەستەیە، بەڵام لە ڕوی کۆمەڵایەتی و نەریتییەوە دیارە ئەو سەردەمە خواردنەوەی شەراب بۆ پیاوان ئاسایی و بۆ ژنان عەیبە یان نەنگ بووە. جگە لەمە وەك لە تەواوی بۆچوونەکانیدا دەردەکەوێت مەسەلەی دەوڵەمەندی و هەژاری پەیوەندی بە دابینکردن و نەکردنی پێداویستییەکانی مانەوە و لە ناوچوونی جەستەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە نەبوون و هەبوونی کۆمەڵێك دەستکەوت و ئیمتیازاتی ئیش و کار و توانای سەفەرکردن و گەڕان و بەرجەستەکردنی ئەو ژیانە مۆدێرنەدایە کە لەو کاتەدا لە دەرکەوتن دایە. بۆیە ئەو پرسیارانەی لە سەرەوەدا نوسەر سەبارەت بە هۆکاری هەژاری و دەوڵەمەندی ژنان و پیاوان دەیانخاتەڕو پرسیارگەلێکی وەهمی و دروستکراون، چونکە وەك خۆشی ئاماژەی پێدەدات، مەبەست لەم پرسیارانە گەڕانێکی ڕیشەیی نییە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی شتێك، بەڵکو بەر لە پرسیارەکە وەڵام و ڕێگەی خستنەڕوی بیروباوەڕەکانی لەبەردەستیدایە، بۆیە هەر زو دوای پرسیارەکانی ئەوە دەخاتەڕو "لەگەڵ ئەوەی سەدان پرسیار پێکەوە لە بەردەممدا بازیان دەدا، بەڵام من پێویستم بە وەڵام بوو نەك بە پرسیار. وەڵامیشم دەستنەدەکەوت لە ڕێگەی ڕاوێژکردنی زانا نادەمارگیرەکانەوە نەبێت، ئەوانەی خۆیان لە شەڕە قسە و گێچەڵی جەستەیی بە دور گرتبوو. ئەنجامی لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەکانی خۆیان لە کتێبگەلێکدا بڵاوکردبوویەوە کە لە کتێبخانەی مۆزەی بەریتانیادا بە دەستدەکەوتن" ( وۆلف:٢٠٠٩: ٥٩-٦٠). لەوێدا نوسەر دەفتەری نۆت و قەڵەم دارێك هەڵدەگرێت و بەرە و ڕەفەی کتێبەکان دەچێت. لە هەمانکاتدا لە خۆی دەپرسێت ئەی ئەگەر ڕاستیم لە ناو ئەو ڕەفانەدا نەدۆزییەوە دەبێ لەکوێ بێت؟ بەمشێوە بڕوا بە خۆبوو و بە دواداچوو کەوتمە شوێن ڕاستییەوە. (وۆلف:٢٠٠٩: ٦٠). نوسەر لە ڕێگەی گێڕانەوە مێژووییەکان و خوێندنەوەی ژیانی چەند شاعیرێکەوە ئەو بیروباوەڕە ئامادەیەی کە هەیەتی لە بارەی ژن و کاری هونەری و نوسینەوە دەیخاتەڕو. ئەو دەگات بەوەی باری ئابوری و بنەمای ماددی نەك هەر دیاریکەری بوونی مرۆڤ و هەبوونی ژنە، بەڵکو پێشمەرجی کاری داهێنانی سەرکەوتوو و بنەمای کاری هونەری و نوسینیشە. بەڵام شاعیرە نەبیسراوەکەی لەمەڕ خۆمان لەبەرئەوەی بنەمای کاری هونەری و داهێنان لەبوونی مرۆڤ خۆیدا دەبینێت لە ئابورییەکی سەربەخۆ و ژوری تایبەت و کۆمەڵێك وەسیلەی ماددی تردا نایبینێت، بۆیە بە ڕەگەزی بەرامبەر دەڵێت ئەگەر تۆ بەهرەت هەبێ ئەوا منی ژنیش بەهرەدارم. چونکە لای ئەو بنچینەی کاری نوسین و داهێنان ناکەوێتە دەرەوەی ئەو وجودەی بەهرەدارە بە بەهرە و توانا مرۆییەکان. " زەینەب خان" لە شیعرەکەی پێشتردا "ڕەگەزی ئێمە" وەك پێشتر ڕۆشنبوویەوە، چونکە بنەمایەکی واقیعی کۆمەڵایەتی هەیە و سەرچاوەی لە کاریگەرییە دەرونییەکانی سایکۆلۆجییای شاعیرەوە دەگرێت، لە سۆنگەی واقیعی گشتی و کۆمەڵایەتییەوە وەڵامی پرسەکە دەبینێت، ئەمەش تینوێتی پرسیار و تینوێتی شیعرییەتی بیرکردنەوەی شاعیر ناشکێنێت. ئەو بۆ دەستکەوتنی وەڵام ناچێتە هیچ کتێبخانە و دەرەوەیەك، بەڵکو ئەوەی وەك وەڵام و ئەنجامێك لە شیعری ( ڕەگەزی ئێمە) دا جێدەگرێت، دەبن بە کۆمەڵێك پرسیاری بنەڕەتی لە بیرکردنەوەی شیعرێکی دواتریدا. بە ناونیشانی شیعرەکە دەپرسێت (لە چیدایە؟) ئەم پرسیارە بەرهەمی پرسیارێکی بنەڕەتییە بۆ گەڕان و بەدواداچوونێکی تر لەوەی سەحنەی واقیعە جیاوازکان پیشانی ئێمەی دەدات و بڕیاڕ لەسەر زاڵمی و مەزڵومییەتی ڕوکەشی کەسەکان دەدات، لە ڕوی ڕەگەز و لە ڕوی واقیعی ماددی و

کۆمەڵایەتییەوە. قایل نەبوونی شاعیر بەوەی ئەم دنیابینییە دەستە جەمعییە وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە، وادەکات بە دوای ئەو هۆکارە بنەڕەتی و ئەو بنەما جێگیرەدا بچێت، کە دیاریکەری بوون و بەختەوەری و بەدبەختییەکانییەتی. بۆ ئەمە دەپرسێت:

"لە چیدایە؟!
بەدبەختی من
لەوەنییە ئافرەتم
لەوەدا نییە
ڕەش پێستم
بەدبەختی من
نە ژانەکانن
نە برینەکانن
بەدبەختی من
لەوە نییە
من لادێیم
تۆ شارستانیت
بەدبەختی من
لەوە نییە
من مێم
تۆ نێریت"
( زەینەب خان: ٢٠١٧ : ٢٣٥)

ئەو مرۆڤەی لێرەدا هەست بە بەدبەختی خۆی دەکات، بەر لەگرتنەبەری ڕێگەی چۆنییەتی چارەسەرکردنی بەدبەختییەکانی، بەدوای ئەو پرسیارە بنەڕەتییەدا دەچێت کە لە خۆیدا هۆکاری ڕاستەقینەی بەدبەختبوونی خۆی بۆ ئاشکرا دەکات. سەرەتا بە پێی ئەوەی لە واقیعدایە و هەستی پێدەکرێت و دەبینرێت، وەڵامی پرسیارەکە بەوە دەدرێتەوە کە بەدبەختی ژن لەوەدایە کە ژنە. واقیع بۆ چەسپاندنی ئەم تێگەیشتنەی دێت هۆکاری بەدبەختی ژن بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێنێتەوە. هۆکاری سروشتی بایەلۆجی و هۆکاری واقیعی کۆمەڵایەتی. واتە دێت کۆمەڵێك بەڵگە دەخاتەڕو کە لە سروشتی بایەلۆجی ژندایە، بۆ نمونە سەختی سکپڕی و ئازاری لە دایکبوون و ئازاری سوڕی مانگانە و لاوازی جەستەیی و نەبوونی هێز و بازوی پیاوانە و هەبوونی سۆز و بەزەیی و ...هتد بە هۆکاری بەدبەختییەکانی ژن وێنای دەکات. واتە هەوڵدەدرێت بەدبەختی ژن وەك قەدەرێکی ئەزەلی و سروشتی لە بیرکردنەوەی گشتیدا بنەخشێنرێت، ئەمەش لە پێناو دەرخستن و تێگەیشتن لە جیاوازییەکانی سروشتی ژندا ناکرێت، بەڵکو لەپێناو پاساو هێنانیەوە و پەردەپۆشکردنی ئەو نەریتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئایدۆلۆژییانەدا دەکرێت، کە مرۆڤ دەکەن بە قوربانی جێگیربوونی هەیمەنەی دەسەڵاتەکانی خۆیان. ئەمەش ڕاستەوخۆ دەمانگەیەنێت بە هۆکاری دووەم: واتە هۆکاری دووەمی بەدبەختی ژن بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە کە خۆی لە باری ئابوری و ئاینی و کەلتوری و ئایدیۆلۆژیای سیاسیدا دەبینێتەوە. جا دەستنیشانکردنی ئەم هۆکارەش لە پێناو باشترکردن و بیرکردنەوە لە چییەتی سیستەمدا ناکرێت، بەڵکو لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکان و بەردەوامیدان بە ململانێی ڕوکەشی نێوان دەسەڵاتەکاندا دەکرێت، بەوەی هەریەك لەم نەریتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و ئاینی و ئایدیۆلۆژییانە، دێت دەسەڵاتی ئەویتر

بە هۆکاری بەدبەختی ژن و ناخۆشگوزەرانی مرۆڤی دادەنێت و خۆشی بە فریشتەی فریادڕەسی ژن و ژیان و مرۆڤ دەزانێت.

ئەوەی لێرەدا مایەی تێڕامانە خودی پرسیاری ( لە چیدایە؟) بەم وەڵامانە ڕازی نابێت، ئەم پرسیارە کاتێك بە ناو ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەدا تێدەپەڕێت، واقیع چەندین وەڵامی حازربەدەستی دەخاتە بەردەم، بەڵام ئەو گومان لەم وەڵام و بیروباوەڕانە دەکات کە بۆ تێگەیشتن لە ژنبوون لە ئارادایە و وەك پێوەرێك بەدبەختی و خۆشبەختییەکانی پێ دەستنیشان دەکەن. گومانکردن و ڕازینەبوونی بەم وەڵامانە وادەکات ئەو لە شوێنێکی تردا بەدوای ئەو وەڵام و بنەمایە نەگۆڕەدا بچێت کە بشێت سەرچاوەی خۆشبەختی و بەدبەختی بوونی مرۆڤی لێوە دیاریبکرێت. ئەوەی دنەی ئەو بە دواداچوونە ناوەکییەی دەدات ویستی تێگەیشتنێکی عەقڵانییە. سەرەتا بە هۆی ئامادەگی بیرکردنەوەی گومانبەری شاعیرەوە، پرسیارەکە هۆکارە ڕوکەش و هەستەکییە وابینراوەکان لەبری ئەوەی وەریانبگرێت، هەڵیاندەوەشێنێتەوە. چونکە ئەو وەڵامانەی لە شیعرەکەدا بە نەفی یان لە حاڵەتی نەرێ- نێگەتیڤدا جێدەگرن لە تێگەیشتنی گشتیدا بە دۆخی موسبەت یان ئەرێدا ڕەگیان داکوتاوە. (بەدبەختی من لەوەنییە ئافرەتم، لەوەدا نییە ڕەش پێستم) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت هەریەك لەم وەڵامانە لە واقیعێکی دیاریکراودا بە هۆکاری بەدبەختی ئافرەت یان بە هۆکاری بەدبەدختی مرۆڤی ڕەشپێست دەبینرێت. هەریەك لەم دەستنیشانکردنانە لەوەدا یەکن کە دەرکەوتەی ڕوکەشی شتەکە دەکەن بە بەڵگەی بڕیاردان لە سەر بوونی شتەکە. جا پرسیارەکە لە بەر ئەوەی سەرچاوە لە بیرکردنەوەوە دەگرێت، واتە پرسیارێکی ڕوکەش نییە و سەفسەتەی زمان دروستینەکردووە، بۆیە باز بەسەر دەستنیشانکردنە ڕوکەشەکاندا دەدات، نەك لەبەرئەوەی دەیەوێت فەرامۆشییان بکات، بەڵکو لە بەر ئەوەی کاتێك ئەوەی ڕوکەش و عەرەزییە وەك وەڵامێکی بنچینەیی لە بەردەم بیرکردنەوەدا خۆی نومایندە دەکات، لە بری ئەوەی بچەسپێت و جێبگرێت، بوونی بە تاڵ دەبێتەوە و وەك کەفی سەرئاو بوونی نامێنێت، چونکە لە خۆیدا بنەمایەکی عەقڵانی و جێگیر و پتەوی نییە تا لە تاقیگەی بیرکردنەوەدا بوونی ڕاگرێت.

کەواتە ئەو هۆکارەی لە هەنگاوی یەکەمدا هەڵدەوەشێتەوە، ئەم ڕوانینە سروشتی و بایەلۆجییەیە کە بەدبەختی ژن دەخاتە ئەستۆی ئەو هێزە خوڵقێنەر و گەردونییەی، ژنی گیرۆدەی کۆمەڵێك گرفت و ئازار و سەختی کردووە لە ڕێگەی سروشتی جیاوازی جەستەیەوە. هێزی بیرکردنەوە ئەم لێکدانەوەیە نەفی دەکاتەوە، چونکە بوونی خۆی لە بوونە جەستەییەکەیدا نابینێتەوە، بۆیە ناکرێت ئەو بنەمایەی بوونی منی لە سەر بەند نییە، ببێتە سەرچاوەی بەدبەختی و خۆشبەختییەکانی من. ئەگەر ئەمە وابێت، ئەوا دەبێت بەدبەختی من ئەو هێزە خولقێنەرە بە شێوەیەکی پێشینە لە ڕێگەی دیاریکردنی ڕەگەز و سروشتی ژنانەی منەوە بڕیاری لە سەردابێت.! بەڵام لە کرۆکدا سروشتی جەستەی من ، بە کۆی جیاوازییەکانییەوە باشترین فۆرمی ئینسانییانەی منە تا لە ڕێگەی ژێێتی خۆمەوە ئینسانبوونی ئەم ئینسانە خوڵقاوە پشتڕاستبکەمەوە.

بەمپێیە بیرکردنەوە و بەدواداچوونی لۆجیکی ئەوە بۆ شاعیر ئاشکرادەکات، بەدبەختی ژن لە سروشتی ژنانە یان لە سروشتی بایەلۆجی مێینەیی ئەودا نییە، وەك ئەوەی لە ڕوکەشدا دەبینرێت و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. ئەگەر سروشتی ژنانەی ژن سەرچاوەی بەدبەختی منی (مێ) یان منی (نێر) نەبێت ، ئەوا سەرچاوەی خۆشبەختی منی (مێ) یان منی (نێر) یش نییە. هەروەك چۆن بەدبەختی مرۆڤی ڕەشپێست لەوەدا نییە کە ڕەشپێستە، یان هەر ڕەنگێکی ترە. تەنانەت ئەگەر ئەم سروشتەم ببێتە هۆکاری بەدبەختی ژیانی من وەك ئافرەت، یان سروشتی ڕەشپێستییم ببێتە هۆکاری

چارەڕەشی کۆمەڵایەتی و ئابوری و خۆش نەگوزەرانی من، ئەوا هیچ کام لەم ژان و ئازار و برینە واقیعی و سایکلۆژییانەش بە هۆکاری بەد بەختی خۆمی نازانم.

کەواتە مادام هۆکاری ڕاستەقینەی بەدبەختی مرۆڤ نەکەوێتە ناو سروشتی جەستەیی و نەکەوێتە ناو چۆنییەتی واقیع و دەرەوەوەی منەوە، ئەوا هەر دەبێت لە بوونی مرۆڤ خۆیدا بۆی بگەڕێین. واتە ئەوە چییەتی بوونی مرۆڤە دەتوانێت دیاریکەری ئەوە بێت، نەك چۆنییەتی ژیان و هەبوون و نەبوونی شتەکانی.

لەمەوە دەگەین بەوەی بەدبەختی مرۆڤ سەرچاوە لەونبوونی ئەو خۆیەوە دەگرێت، کەدەشێت ببێتە سەرزەمینی بەختەوەرییەکانی. مەبەست لە ونبوونی مرۆڤ، بزربوونی فیزیکی مرۆڤ نییە لە مەملەکەت و لە شوێنێکی دیاریکراودا، بەڵکو مەبەست لە نەناسینی خۆیەتی وەك ئەوەی کە لە خۆیدا بوونی هەیە. کە من خۆم ناناسم بە مانا ئۆنتۆلۆجییەکەی، واتە خۆمم لێ نادیار و ونە. ونبوونی مرۆڤ سەرچاوە لە پێنەگەیشتنی ناوەکییانەی مرۆڤەوە دەگرێت، کە هاوکاتی نائامادەیی هۆشیاربەخۆبوونییەتی بەو بنەمایەی پێی هەیە و وەکو مرۆڤ پێشی دەبێت. کەواتە بیرنەکردنەوە دەروازەی یەکەمی بەدبەختی و کۆی بەدبەختییەکانی تری منی ژن و ئێمەی مرۆڤە.

"بەدبەختی من
لە بیرنەکردنەوەمە
لە بێ دەنگیمە
لە ڕەزامەندیمە
من و تۆ وەك یەك
هەردووکمان یەکسان
هەر بۆیەش خودای گەورە و میهرەبان
تۆی لە ناو مندا
هێنایە خوڵقان"
(دیوانی زەینەب خان:٢٠١٧:٢٣٦)

بەمپێیە بەدبەختی مرۆڤ لە سروشتی ڕەگەزی ئەودا نییە کە نێرە یان مێ، هەروەك چۆن بەدبەختی مرۆڤ لە واقیع و لەوەدا نییە دەوڵەمەندە یان هەژار، لە لادێیەکی دورە دەست دەژی یان لە شارێکی مۆدێرنی خۆشگوزەران، بەڵکو بەدبەدختی مرۆڤ لەوەدایە بیرنەکاتەوە و هۆشیاری بە بوونی بنەڕەتی و بەو ئازادییە عەقڵییە نەبێت کە لە خۆیدایە و لە دەستی هیچ کەسدا نییە.

وەك ئەوەی پێشتر ڕونکرایەوە بیرنەکردنەوە و هۆشیارنەبوونی مرۆڤ بە وجودی خۆی ، چۆن لە پشت دەنگە دەنگی دروشم و ململانێی نێوان ڕەگەز و ڕەنگەکان و ویستی دەسەڵاتی بیروباوەڕەکاندایە، ئاواش لە پشت بێدەنگی و ڕەزامەندییە ناچاری و نەریتییەکاندا بوونی هەیە. کاتێك بێدەنگی لە هۆشیارییەوە بەدەنگدێت و دێتەگۆ، زمان ناخاتە خزمەتی ململانێ و دژایەتیکردنی ئەوانی ترەوە، بەڵکو لە ڕێگەی زمانەوە گوتنی عەقڵ ئاشکرادەکات و دەبێتە لۆگۆس. هەر لەم بنەمایەوە ناڕەزامەندی مرۆڤی بیرکەرەوە بە مانای وەستانەوە و دژایەتیکردنی نەریت و واقیع نایەت، بەڵکو نەچوونە ژێرباری ئەم دنیابینییە ڕوکەشەیە کە دەیەوێت حوکمی عەقڵ و بیرکردنەوەی بکات. ناکردن و دەرچوون و هاتنەدەری بیرکردنەوەی مرۆڤە لە ژێر حوکمی نەریتی تێگەیشتنە باوە ئامادەکراوەکان. بەمپێیە ئەگەر سەرچاوەی بەدبەختی مرۆڤ لە بیرنەکردنەوە و ناهۆشیاریدابێت، ئەوا بەختەوەری مرۆڤ لەم هۆشیارییە عەقڵییەدایە کە ڕیشەی لە ئازادی بیرکردنەوە دایە. هێزی عەقڵیش شتێك نییە لە ڕەگەزی تۆدا هەبێت و لە ڕەگەزی منی مێدا نەبێت، تا من هەوڵی بە دەستهێنانی بدەم و یەکسان بمەوە بە تۆ. وەك ئەوەی لە تێڕامانە فەلسەفییەکانی دیکارت دا ڕوندەبێتەوە ، عەقڵ تاکە شتێکە من و تۆ وەك یەك تێیدا یەکسانین. بۆئەمە نە من پێویستە بە تۆ یەکسان بمەوە و خۆم بکەم بە تۆ، نەتۆ پێویستە بە من یەکسان بیت و خۆت بکەیت بە من، چونکە لەم خاڵەدا واتە لە بوونە عەقڵییەکەدا (من و تۆ وەك یەك هەردووکمان یەکسانین) بەوەی هەر یەك لە ئێمە بوونێکی سەربەخۆ و تاکانەی هەیە. واتە چونکە هەردووکمان مرۆڤین و هەریەکێکمان بوونێکی لە خۆدا کامڵی هەیە.

هەر لەبەر ئەوەشە سروشتی جیاوازی من و تۆ، بەربەست نییە لە بەردەم ئەوەی تۆی پیاو لە منی ژندا دێتە خوڵقان و لە دایك دەبێت. واتە بنەمایەکی لۆجیکی لەوەدا هەیە کە خودا تۆی وەك بوونێکی عاقڵ، لە منی ژن هێناوەتە خوڵقان، چونکە عەقڵ پێماندەڵێت بوویەکی عاقڵ هەر دەبێت لە بوویەکی عاقڵ بکەوێتەوە، ناکرێت لە بوویەکی ناعاقڵ بێتە خوڵقان، هەروەك چۆن مرۆڤێك وەك بوویەکی عاقڵ لە مەیمونێکدا یان لە بوونەوەرێکی ناعاقڵدا نایەتە خوڵقان. هەر لەم بنەمایەوە پێیوایە ئافرەت بنچینەی بوونی ئینسانە:

"ئافرەت بناغەی بوونی ئینسانە
بەری درەختی گشت وەرزەکانە"
(دیوانی زەینەب خان:٢٠١٧: ١٣٥)

لێرەدا ئەگەر مەبەستی شاعیر لەوەی ئافرەت بناغەی بوونی ئینسانە، بۆ دیدە سروشتی و بایەلۆجییەکە بگەڕێنینەوە ، ئەوا لەم گەڕانەوەیەدا دەگەین بە کەسێکی دیاریکراوی وەکو دایە حەوا. بەڵام ئەگەر لە تێگەیشتنێکی ئۆنتۆلۆجییەوە ئافرەت بە بناغەی بوونی مرۆڤ بزانین، ئەوا ئافرەت لە ئاستە هەمەکییەکەیدا بناغەی وجودی ئینسانە، بەڵام ئەم بناغەیە دەبێت لە خۆیدا و لە ئاستە بەشەکییەکەیدا بناغە بێت، ئینجا دەتوانێت ببێت بە بناغەی بوونی ئینسان لە ئاستە هەمەکییەکەدا. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئافرەت دەبێت ئافرەت بێت بە کۆی جیاوازییەکانییەوە لە سەر بناغەی بوونی خۆی وەستا بێت ئینجا دەتوانێت بەردی بناغەی بوونی ئینسان بێت. ئەمەش نەفی بوونی ڕەگەزی بەرامبەر ناکاتەوە، چونکە ئەگەر بۆ دێڕی سەرەتای شیعرەکە بگەڕێینەوە، ئەوا دەبینین ئەم ناساندنەی ئافرەت سەرچاوە لە دۆخی بەشەکییانەی ویستی بەرامبەر بوونەوە و یەکسانییەوە ناگرێت، هەست بە دۆخە هەمەکییەکەی ژن دەکەین کە لە هەوڵی خستنەڕوی دایە لە ژنێتی ژندا:

"ئافرەت کلیلی دەرگای ژیانە
فەرشی پڕ گوڵی نەخشی یەزدانە"
(دیوانی زەینەب خان:٢٠١٧ : ١٣٥)

واتە ئەوە پێویستییە غەریزییەکانی ژن و پیاو یان پێویستی واقیعی ماڵ و کۆمەڵگە نییە وادەکات حزوری ژن پێویستی سەرەکی ژیان بێت، بەڵکو ئەوە بوونی ژیان خۆیەتی، ژنێتی ژن تێیدا زەرورەتێکی حەتمی و ئۆنتۆلۆجییە. بە مانایەکی تر ئەوەی لە زمانی خوازەیی شیعرەکەدا دەردەکەوێت ، ئەو بنەمایەیە کە بوونی ژن بە کلیلی دەرگای ژیان دەزانێت، بە بێ بوونی ئەم کلیلە کردنەوەی دەرگاکە مەحاڵ دەبێت. ئەگەر سەرنجی زەمەنی ڕوداوی گوتنەکە بدەین، ئەوا دەبینین ڕوداوی کردنەوەی دەرگاکە ڕوداوێك نییە لە ڕابردودا ڕویدابێت، دەرگاکەی بۆجارێك کردبێتەوە و ئیدی نەوە لە دوای نەوە بەم دەرگا کراوەیەدا بێن و بڕۆن، بەڵکو زەمەنی گوتنەکە ئەوە دەردەخات دەرگای ژیان لە ناو زەمەندا واتە لە هەموو ئان و ساتێکدا پێویستی بە بوونی ژن هەیە وەك ئەوەی کە ژنە، چونکە بەبێ حزوری ژنێتی ژن لە ناو زەمەندا، کلیلەکە لەوە دەکەوێت کە کلیل

بێت، کە لەوەش کەوت کلیل بێت، ناتوانێت دەرگا داخراوەکانی مرۆڤبوونی خۆی بکاتەوە، تا لەم ڕێگەیەوە بتوانێت دەرگای ژیان بخاتە سەر گازەری پشت و گەنجینە نەدۆزراوەکان و ڕازی بوونی ئاشکرا بکات. پێویستی ئەم حزورەی بوونی ژن لە ناو زەمەندا وادەکات بەری وەرزێك لە وەرزەکان نەبێت، بەڵکو وەك ئەوەی شاعیر گوزارشتی لێدەکات( بەری درەختی گشت وەرزەکان) بێت، بەردەوام لە پشکوتن و دەرکەوتندا بێت. ئەم تێگەیشتنە بنەڕەتییە لە بوونی ژن و لە بوونی پیاو، ڕێگەدەدا لە چییەتی ئەو فەرشەی یەزدان خۆی نەخشاندویەتی ڕابمێنین و حیکمەتی ناو نەخش و نیگارە کێشراوەکانی بوونی ژن و بوونی پیاو بۆ خۆیان و بۆ یەکتری ڕۆشنببێتەوە.

به بێ تێڕامان و ڕۆشنبوونەوەی بوونی هەر یەکێکیان، هیچ کام لە ژن و لە پیاو، ناتوانێت وەك ئەوەی کە ژنە یان وەك ئەوەی کە پیاوە دەرگا بە ڕوی خۆی و بەڕوی ژیاندا بکاتەوە، چونکە لە کۆی وەرزەکانی ژیانیدا بەری درەختی مرۆڤبوونی نادات. کاتێك مرۆڤ چ پیاو بێت یان ژن، بەهای بوونی دەکەوێتە دەرەوەی خۆی، لەبری ئەوەی لەگەڵ ئەویتر بکەوێتە ناو پەیوەندییەکی مرۆییەوە، دەکەوێتە ناو جەنگ و ململانێی ڕەگەزی و ململانێی ئابوری و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە. بەمپێیە دەرچوون لە دۆخی بەرامبەربوونەوە تای تەرازوی یەکسانی لە ئاستە واقیعی و فیزیکییەکەدا هەڵدەگەڕێنێتەوە، چونکە ویستە سەروهەستەکییەکانی سەر ڕێگەی خۆبوون، جێگە بە ویستی خۆبە ئەوکردن و ویستە ماددییەکان چۆڵ دەکەن. بەوەی وجودێکی سەربەخۆی کامڵ دەتوانێت دەرگاکانی خۆی و ژیان بکاتەوە ، نەك پاشکۆیەکی نیوە و تەواوکەر.

## ٤-٢. بنەمای ئازادی و  پەیوەندییە ئۆنتۆلۆجییەکانی ژن و پیاو وەك دوو کائینی سەربەخۆ

بوونی لە خۆدابووی عەقڵ بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە هەر مرۆڤێکدا، بەڵگەیە لە سەر ئەوەی مرۆڤ وەك کائینێکی تاکانەی ئازاد بوونی هەیە، نەك وەك نیوەیەکی گرێدراو بە ئەویترەوە. پەیڕەوکردن و گەڕانەوەی ( زەینەب خان) بۆ ئەم بەڵگە بنەڕەتییە وادەکات لە زۆربەی شیعرەکانیدا وەك دوو کائینی سەربەخۆی ڕەها لەیەکتر، ناوی (ژن - پیاو، خوشك - برا، کچ – کوڕ، من و تۆ) بهێنێت ، چونکە بوونی هەر یەکێکیان وەك ئەوەی هەیە  بە کۆی جیاوازییەکانییانەوە بە زەرورەتێکی گەردونی دەبینێت، هەم لە کامڵبوونی کەوندا، هەم لە دەرکەوتن و شێوەگیربوونی مێژووی مرۆڤایەتیدا. کەواتە حزوری ڕۆحی ژن وەك ئەوەی کە ژنە، ئامادەگی ڕۆحی پیاویش وەك ئەوەی کە پیاوە، لە بنەڕەتدا زەرورەتێکی کۆمەڵایەتی یان دەرکەوتەیەکی نەریتی سەر بە واقیع و سیستەمێکی دیاریکراو نییە. بەڵکو زەرورەتێکی هەمەکی و سەروهەستەکییە بۆ دەرکەوتنی بوونی مرۆییانەی هەر یەك لە ژن و پیاو لە ڕەوتی گەشەسەندوی مێژووی مرۆڤایەتیدا. هەر لەبەر ئەوەیە شاعیر لە کۆتا نیوە دێری شیعری ( ئافرەت) دا دەڵێت: (گەر پیاو دەنگ بێ، ئافرەت زمانە). (دیوانی زەینەب خان: ٢٠١٧ )دەنگ گرێدروای زمان نییە، چونکە دەنگ بوونێکی سەربەخۆی هەیە لە زمان، هەروەك چۆن زمانیش بوونێکی سەربەخۆی هەیە لە دەنگ، بەڵام هەریەك لەم دوو بوونە بە بێ زاڵبوونی دەنگ بە سەر زماندا یان زاڵبوونی زمان بە سەر دەنگدا، دەتوانن شێوەی کامڵی زمان- ژیان بەرجەستە بکەن و پەیوەندی نێوانیان لە جێگیرترین خاڵی پێکەوەبووندا دابمەزرێنن. هۆشیاربوون بە بنەما سەرو هەستەکییەکەی یەکسانی، ڕێگەدەدا ژن و پیاو وەك ئەوەی هەن یەکتری هەڵبژێرن و ڕێگەی ژیان ببڕن. ئەگەر سەرنجی بنەمای جۆرەکانی پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵگا بدەین، ئەوا جگە لە بنەما سروشتی و خوێنییەکە لەلایەك و بنەمای ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی تر نابینرێت. چونکە بنەمای بەرژەوەندی دیاریکەری جۆری باوی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگایە، بۆیە دۆخێکی ناچارانە بەسەر ویستی تاکەکاندا زاڵدەبێت. لەدەرەوەی ئەمجۆرە پەیوەندییە سروشتی و کۆمەڵایەتییەدا، پەیوەندییەکی بنەڕەتی تر هەیە کە بەها مرۆیی و عەقڵییەکان دیاریکەری بەهای ئەم لەگەڵ یەکبوونەیە.

شاعیر لە شیعری ( ئامۆژگاری باوکم و منداڵیم ) لەسەر زمانی باوکی بنەمای ئەم پەیوەندییە  بنەڕەتییە دیاریدەکات کە ڕێگە دەدات هەردووکیان واتە هەریەك لە بوونی ژن و بوونی پیاو  ئازاد و هەمئاهەنگانە هاوسەرین بۆ بڕینی ڕێگەی ژیان.

"باوکم پیاوێکی زۆر تێکۆشەر بوو
بۆ حقووقی ژن عەقڵی لە سەر بوو
دەیگوت هەردووکیان بەنی ئادەمن
خاوەن دوو گوێچکە و یەك زار و دەمن
پیاو هیچی زیادی بۆ نەخولقاوە
هەردووکیان عەقڵ و حیکمەتییان هەیە
بۆیە هاوسەرن بۆ  ئەو ڕێگەیە
ئەگەر ژن سۆزی زیاتر نەبووایە
خودا منداڵی قەت نەدەدایە"
( زەینەب خان:٢٠١٧ : ١٢٩ )

ئەوەی لەم کۆپلە شیعرەدا مایەی تێڕامانە ئەوەیە، شاعیر بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاماژە بە بوونی جەستەیی و بوونی دەرونی و بوونە عەقڵییەکەی مرۆڤ دەدات .کاتێك ئاماژە بە چۆنیەتی فۆرمە جەستەییەکەی ژن و پیاو دەکات ئاماژە بە ئەندامە هەستەکییەکانی بیستن و گوتن دەکات و دەیکات بە بەڵگەی هاوبەشی نێوان ژن و پیاو وەك ئادەمی یان وەك چۆنیەتی فۆرمی مرۆڤ دەیخاتەڕو. هەڵبەتە ئەو لێرەدا ئەگەرچی تەرکیز ناخاتە سەر بوونی جیاوازییە سروشتییەکانی نێوان جەستەی ژن و پیاو، چونکە دەیەوێت چوونییەکیەکی تر پیشان بدات، کە خۆی لە نمونەی کەناڵی هەستەوەرەکانی مرۆڤدا دەدۆزێتەوە، بەمەش دەیەوێت بەڵگەی خۆبەزلزانینی پیاو یان ژن پووچەڵبکاتەوە، ئەگەر پێیانوابێت شتێکی زیاتری لەویتری بۆ خولقاوە. ئەم جیاوازییە خیلقەتی و سروشتییانەی لە چۆنییەتی جەستە و لە بوونە سایکۆلۆجییەکەی ژندا یاخود پیاودا هەیە و هەستی پێدەکرێت، سەرچاوە لە کەم و زیادی شتێك لە شتەکانەوە ناگرێت، بەڵکو سەرچاوە لە ئەرکە سروشتی و بنەڕەتییەکانی هەر یەك لە ژن و پیاوەوە دەگرێت. دواتر کە جەخت لە جیاوازییە سایکۆلۆجییەکان دەکاتەوە، ئەوە ئاشکرا دەبێت هەبوونی سۆز و بەزەیی زۆر لە ژندا، بەڵگەی نەبوونی عەقڵ نییە لە ژندا، هەروەك چۆن نابێتە بەڵگە لەسەر زاڵبوونی ویستە سروشتی و سایکۆلۆجییەکانی بەسەر ویستە عەقڵی و بنەڕەتییەکانیدا، چونکە هەریەك لەم ویستانە سەربەخۆ لە یەکتر، ئەرك و ئامانجی دیاریکراوی خۆیان هەیە، بۆیە هیچ کام لەم مەیلانە لە پێگەی خۆیاندا نەك نابنە ڕێگر لە بەردەم مرۆڤدا، بەڵکو دەبنە زەمینەیەکی شیاو بۆ هەڵگرتنی ئەرکە سروشتی و هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتییە ئۆنتۆلۆجییەکانی مرۆڤ. کەواتە بۆ نمونە سروشتی ژنانەی ژن لە هەبوونی سۆزی زۆردا، پێیاناڵێت پیاو دڵڕەقن یان سۆزیان کەمە یان نا ، بەڵکو بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئەم سۆزە زەمینەیەکی شیاو بۆ دەرکەوتنی دایکایەتی ژن دەخولقێنێت.  تێڕامان لە حیکمەتی هەبوونی هەست و سۆزی زۆر

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp9-27

پێماندەڵێت سروشتی جیاوازی بوونی ژن، بەو شێوەیەی کە هەیە نەبوایە (خودا منداڵی قەت نەدەدایە). کەواتە سروشتی جەستەی پتەوی پیاویش پێمانناڵێت پیاو لە ژن بە هێزترە، بەڵکو دەرخەری کۆمەڵێك حیکمەتی ترە کە پێویستی بە تێڕامانی هەر پیاوێکە یان هەر ژنێکە لە خۆیدا.

ئەگەر لە هەمان کۆپلەدا سەرنجی بوونە عەقڵییەکە بدەین، ئەوا دەبینین ژن و پیاو لەبنەمادا لەبەر ئەوە هاوسەر نین، چونکە تەواوکەری یەکترن و سروشتی غەریزەییان دەیخوازێت، بەڵکو ژن و پیاو (هەردووکیان عەقڵ و حیکمەتیان هەیە، بۆیە هاوسەرن بۆ ئەو ڕێگەیە) کەواتە لەم بنەمایەوە خواستی بوونە ڕۆحییەکەی هەر یەك لە ژن و پیاوە لە ناو یەکتریدا وادەکات هاوسەر بن بۆ بڕینی ڕێگەی ژیان. بەڵام لە تێگەیشتنی گشتیدا هاوسەرییەتی لە مانای ژن و مێردایەتی کورتکراوەتەوە، لە کاتێکدا ئەگەر لە بنەمای بیرکردنەوەی دێرەکەوە لە زمانی کوردیدا لە وشەی هاو-سەر ڕابمێنین، ئەوا هەر بە تەنیا وەك ئەوەی هەیە فۆرمە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکەی پێکەوەبوونی ژن و پیاو ناگرێتەوە، بەڵکو هاوڕێیەتی و لەگەڵ یەکبوونە ڕۆحی و عەقڵییەکەی ژن و پیاو دەگرێتەوە، وەك پێویستییەکی ئۆنتۆلۆجی مرۆیی بۆ هەر یەکێکیان. لەم پەیوەندییەدا جەستە و مەیلە غەریزییەکان ماهییەتی پەیوەندییەکە دیاری ناکەن، ئەوان سەریان لە حیکمەت و عەقڵدا هاوڕێی یەکترە بۆیە هاو- سەرن بۆ بڕینی ڕێگەی ژیان. واتە ئەوەی لەواندا یەکە، بە دوو سروشتی جیاوازدا تیدەپەڕێت و دێتە ناو ژیانەوە. ئەگەر لە بنەمای ئەم پەیوەندییەوە دووبارە سەرنجی دێڕی یەکەمی شیعرەکە بدەین، ئەوا بنەمای پەیوەندی نێوان شاعیر و باوکی (مەلا ڕەئوفی خادم سەجادە و زەینەبی کچی) هەر پەیوەندییەکی خوێنی و سروشتی نێوان باوك و کچ نەبووە، بەڵکو پەیوەندییەکی بنەڕەتی و هاوڕێیەتییان هەبووە، واتە بە مانا بنچینەییەکەی ئەوان هەر یەك بە ڕێگەی خۆی هاو- سەر بوون بۆ ڕێگەی ژیان.

جگە لەمە ئەوەی لێرەدا بۆ تێگەیشتن لە حەقی ژن پێویستە، باوەڕبوون نییە بە سیستەمی دیموکراسی واقیعێکی دیاریکراو، هەر وەك چۆن پشتبەستن نییە بە عەسای جادوگەری ڕێکخراو و ئایدۆلۆجییایەك کە بێت و مافی ژن دابین بکات، بەڵکو ئەو تەنیا ( بۆ حقوقی ژن عەقڵی لە سەر بوو). کەواتە پیاو یان ژن بۆ ئەوەی لە حقوقی ئەویتر تێبگات، پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی لۆجیکییە، بۆ ئەوەی زانینی بە چییەتی حەق هەبێت. بەبێ ئەم بنەمایە ئەگەر سەری مرۆڤ پڕیش بێت لە بیروباوەڕ و دروشم و زانیاری وئیدیعای پەیامی دیاریکراو، سەبارەت بە مافی ژن و مافی مرۆڤ و یەکسانی، ئەوەی بە تیۆری هەیە و بە زمان دەنوسرێت و دەوترێت، نایەتە ناو پراکتیك و جیا دەبێتەوە لەوەی لە واقیعی ژیاندا دەگوزەرێت.

بەمپێیە ئەوە ناهاوسەنگی و ناتەبایی عەقڵ نییە، مرۆڤ دەخاتە ناو ململانێوە، ئەوە لاسەنگی قورسی و سوکی شتەکانی مرۆڤە، مرۆڤ دەخاتە ناو جەنگی ئەویترەوە. بیرنەکردنەوە و نەبوونی مەیل بۆ بوونە عەقڵییەکەی مرۆڤ لەلایەك و تێنەگەیشتن لە سروشتی جیاوازی خۆم و ئەویتر لە لایەکی ترەوە، وادەکات نەبین بە هاو- سەر و نەکەوینە سەر ڕێگای ژیان. هەر ئەوەشە مرۆڤ دەخاتە ناو جەنگی دەسەڵات و بەدبەختی بنەڕەتییەوە.

لە لایەکی ترەوە جەخت لە جۆرێکی تر لە پەیوەندی دەکاتەوە ، لەگەڵ – ئەو بوون ، لەگەڵ خۆبوونە، ئەم پەیوەندییە عیشق دەخاتە سەرپێ، بە مانا فەلسەفی و بنچینەییەکەی، لێرەدا پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەز لە پەیوەندییەکی هەستەکی و غەریزییەوە دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی عەقڵی و سەروهەستەکی. لەم بنەمایەوە ئەوان نابن بە خۆرەی گیانی یەکتری چونکە هیچ کامییان وەسیلەی گەیشتن بە ئامانجە غەریزەیی و ئامانجە ماددییەکانی ڕەگەزی بەرامبەر نییە، بەڵکو پەیوەندییەکان هەر چییەك بێت و بە هەر هۆکارێك بێت، جۆرێکە لە هاو-سەری یان هاوەڵی کردنی یەکتری وەك ئەوەی شاعیر دەڵێت ( چ لە غایب، چ لە حازر). واتە هەبوون و نەبوونی پێکەوەبوونە جەستەیی و فیزیکییەکە، هیچ لە بوون و بنەمای بەردەوامی پەیوەندییەکە ناگۆڕێت، لە کاتێکدا حزورە جەستەیی و پێکەوەبوونە واقیعییەکان پێشمەرجی پەیوەندییە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانن. ئەمجۆرە لە پەیوەندییە مرۆیی و بنەڕەتییەی لێرەدا گوزارشتی لێ دەکرێت، دەبێتە زەمینەی پەیدابوونی هۆشیارییەکی باڵاتر، هەر یەك لەئەوان بۆ یەکتری وەك زەرورەتێکی ئۆنتۆلۆجی بوون پەیدا دەکەن، نەك وەك زەرورەتێکی سروشتی یان تەنیا وەك وەسیلەیەك بۆ پڕکردنەوەی هەست و خرۆشانێکی ڕاگوزەر.

"بمکە بە هاوەڵی خۆت
بۆ گەشتی ژیان
لەگەڵتم بۆ ناو ئاگریش بێت
لەگەڵتم
لەگەڵتم بۆ مردنیش بێ
لەگەڵتم
نامەوێ لە نەفەسی خۆم بپچڕێم
لە دابڕانت بەهای نییە وجودم
چەند قێزەونم
ئەگەر بۆ نیو لە حزەش
فەرامۆشت بکەم
چ لە غایب
چ لە حازر
چەند زەریفە شێتی
ئەگەر لە عەشق
وەدەستی بێنی"

(دیوانی زەینەب خان:٢٠١٧ : ١٩٩)

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە خۆی لە خاڵی سەرەکی دەستەواژەی ( لەگەڵتم) ئاشکرا دەکات، لە لەگەڵ-بووندا مرۆڤ وەك ئەوەی هەیە بە هەنگاوەکانی خۆی لەگەڵ ئەویتردا دەبێت، هیچ ناچارییەك لێرەدا نییە. چونکە بنەمای لەگەڵ بوون ئازادییە، ناچارت ناکات شتێکی تری جیا لە خۆت بیت. وەك ئەوەی لە سەرەوە دەردەکەوێت ئامانجی لەگەڵ-بوون ئامانجێکی ماددی و هەستەکی نییە، ئامانجێکی عەقڵی و ئۆنتۆلۆجی هەیە، گرێدراوی گەشتی ژیانە بە مانا هەمەکییەکەی. لە دەرەوەی ویستی بەرژەوەندی و چۆن قازانجە و چی زەرەرە، بیردەکاتەوە، بۆیە بۆ ناو ئاگر و بۆ مردنیش لەگەڵتم، چونکە ئەوەی من بە تۆوە گرێ دەدات تۆ نیت، نەفەسی خۆمە، واتە بنەمای ئەم لەگەڵ-بوونە لەگەڵ- خۆبوونە، من دەبێت خۆم بم و لەگەڵ خۆم بم، جا دەتوانم لەگەڵ تۆ بم، بۆیە ( نامەوێ لە نەفەسی خۆم بپچڕێم) و وجودم بەهای نەمێنێت. فەرامۆشکردنی ئەم وجودە، وادەکات قێز لە خۆم بکەمەوە ئەگەر بۆ نیو لەحزەش بێت. مەبەست لە فەرامۆشکردن، لە بیرکردن و لە بیرنەکردنی کەسێك نییە لە یادەوریدا، بەڵکو غەفڵەت و پشت هەڵکردنە لەو بنەمایەی وجودم لە سەری بەندە، هەر ئەوەشە وادەکات ئەم فەرامۆشکردنە پەیوەندی بە ئامادەگی جەستەیی و غیابی هیچ کەسەوە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp9-27

نەبێت، بەڵکو پەیوەندی بە ساتە وەختی غەفڵەتی من و ڕو وەرگێرانی منەوە هەبێت . ئیدی ئەم لەگەڵبوونە و چوونی من بۆ ناو ئاگر و بۆ ناو مردن ، ئەگەر وەك شێتی ببینرێت و بە شێتبوونم لێکبدرێتەوە، ئەوا هیچ لە هەڵبژاردنی لەگەڵبوونت و چوون و نەچوونم بۆ ناو ئاگر ناگۆڕێت، چونکە من خۆم بەهای ئەمجۆرە لە شێتی دەزانم چییە کە سەرچاوەی لە ڕێگەی هۆشیاربەخۆبوون و عیشقەوە گرتبێت.

کەواتە دەرکەوتنی ئەم وجودە و پێگەیشتنی ئەوەی عەقڵییە، لە منی ژندا یان لە ئەوی پیاودا، پێشمەرج و زەرورەتی ئەم لەگەڵ- بوونەیە، جا پێگەیشتن و پێنەگەیشتنی ئەوەی ناوەکی و عەقڵییە، پەیوەندی بە هەبوونی عەقڵەوە نییە، پەیوەندی بە بیرکردنەوە و تێڕامانی مرۆڤەوە هەیە. چونکە ئەم عەقڵەی من و تۆ ( پیاو ژن) هەردووکمان بە یەکسانی پێمان بەخشراوە، هەر لە خۆڕا و بەشێوەیەکی سروشتی وەکو کۆئەندامی هەناسەمان ناکەوێتە چالاکی و ناکەوێتە سەرپێ، بەڵکو پێویستی بە بیرکردنەوە و بێداربوونەوەی ویستی جۆرێك لە تێگەیشتنی ترە لە بوونی مرۆڤ و لە دەوروبەر و واقیع و هەمووئەوەی کە هەیە. هەر ئەم تێگەیشتنە نامادی و عەقڵییەیە، مرۆڤ دەخاتە دەرەوەی تێگەیشتنی بازنەی نەریتە گوازراوە باوەکان، وادەکات جۆرێکی تر لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو دابمەزرێت، کە سەرچاوە لە ئازادییەوە دەگرێت. لەم پەیوەندییەدا مرۆڤ وەك ئەوەی هەیە بە کۆی ئیمکانییەتە بنەڕەتییەکانییەوە، ژنێتی ژن یان پیاوێتی پیاو بە مانا بنەڕەتییەکەی دەردەکەوێت. تەنانەت لە واقیعیشدا بنەمای جۆری پەیوەندییەکە، بڕیار لەسەر چۆنییەتی ژیانی پراکتیکی و کردەوە واقیعییەکانی ژن و پیاو دەدات، نەك ئەو دابەشکارییە کەلتوری و کۆمەڵایەتییانەی، کاری ژنانە و کاری پیاوانە جیادەکاتەوە و دیاریان دەکات.

شیعری (هەمووومان) ی شاعیر، ئەگەرچی هەم بابەت و هەم زمانی شیعرەکە، لە چوارچێوەی شیعری نیشتمانپەروەری دایە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی سەرنجە بابەتی ئاشکرای شیعرەکە نییە، بەڵکو دوو خاڵی فکری و کرۆکییە کە سەرچاوەی مانا بەخشی گوتنەکانن. خاڵی یەکەم: ناونیشانی - هەمووومان- هەر یەك لە ئێمە دەگرێتەوە، واتە هەر یەك لە نێر و مێ وەك بوونێکی تاکانەی مرۆیی و سەربەخۆ بوونی هەیە. ( نێر و مێ، دوو بە دوو، بێ وەستان ، بیری ورد، ئێمەی کورد ، خەبات و قوربانیدان دەکەین، لە ڕێی کوردستان، بۆ ژیان) ( زەینەب خان:٢٠١٧ : ٢١٦) شاعیر لێرەدا لە بری هەمووان نادوێت، بەڵکو گوتنی هەمووومان، بەوەی مرۆڤین، لە بنچینەدا دەبێتەوە بەیەك، وەك یەکێك لە گوتەکانی ژیان لە پێناو ئازادی ژیاندا. خاڵی دووەم: قبوڵنەکردنی نەنگی، قبوڵنەکردنی کۆیلەیی و سەرشۆڕییە لە پێناو ناندا، نانێك کە مرۆڤ بێدەنگ دەکات و بوونی دەوەستێنێت. (قبوڵی ناکەین نەنگی، نان بەرامبەر بێ دەنگی) ئەم گوتنە لە بنەمادا گوتنێکی سیاسی نییە، لە پێناو بیروباوەڕێکی دیاریکراودا وترابێت، بەڵکو گوتنێکە سەر بە ویستە عەقڵییەکانی مرۆڤە، بۆیە سەر بە ژیانی مرۆڤە و لە پێناو دامەزراندنی ژیانێکی فەزیلەتمەند و ئازادانە دایە. بەوەی ویستە ماددی و سروشتییەکە، ناکەوێتە پێش ویستە مرۆیی و عەقڵییەکەوە. لێرەدا واقیع بە دابیکردنی نان و خۆشگوزەرانیم، ناتوانێت وابکات بە کۆیلەیی و نەنگی بوونم ڕازی و بێدەنگ بم. ئەمە هەر بەرامبەر بە واقیعێکی سیاسی دروست نایەتەوە، بەڵکو بۆ پەیوەندی نا ئازادانەی نێوان مرۆڤەکان و- ژن و پیاویش دروست دەردەچێت، ئەگەر بێت و لەم بنەمایەوە لە خۆمان و بنەمای پەیوەندییەکانمان ڕامێنین، ئەوا بنەمای پەیوەستبوون و پەیوەندیمان بە هەر شتێکەوە بۆ ڕوندەبێتەوە چ شتێك هۆکاری بەستنەوە و ڕەزامەندیمانە، واتە چی وادەکات قبوڵی شتێك بکەین و بێدەنگ بین یان بێدەنگ نەبین و ڕەزامەند نەبین.

لێرەدا مەبەست لەم جۆرە بێدەنگییە ڕەزامەندی ناچارانەیە، نەك قسە نەکردن . هەر وەك چۆن بە دەنگهاتنیش بە مانای وتارادان و دروشمسازی نایەت لە واقیعدا. ئەمجۆرە لە بێدەنگی لە شیعری( مرۆڤ و دارستان و چرا) ڕونتردەبێتەوە. ئەم شیعرە دوابەدوای شیعری ( هەمووومان) لە هەمان ساڵدا واتە لە -1958 – نوسراوە.

"کەڵێن مەخەنە دەستەکانتان
دەستەکانتان
بە یەکتری ببەخشن
ئەو خاکە
با شەوق بداتەوە
کە تاریکی عومری لێ ستاندووە
ئەی براکانم
ئەی خوشکەکانم
تەماشای
ئەو جۆگە و ڕووبارانەی
لە خاکدا ڕێ دەکەن و دەڕۆن
ئەگەر **بە بێدەنگی** بوەستن
بۆگەن دەکەن و دەمرن
ئێوە مرۆڤن.. مرۆڤ
مرۆڤ دەبێ لە ناو جەرگەی مردن
ببێ بە دارستانی ڕووناکی
ببێ بە مۆمی
ئەو هەموو ماڵە بێ چرایانە
کەڵێن مەخەنە دەستەکانتان
لە سەر دەرگاکانتان
لە سەر پەنجەرەکانتان
بنووسن بژی ئازادی"

(دیوانی زەینەب خان:٢٠١٧ : ٢١٧)

کەواتە دەنگی ئەو ژنەی لە سەرەتای ئەم باسەوە بە دوای بەڵگەی جیاوازی بنەمای بیرکردنەوە و هۆشیاربەخۆبووونیدا دەچین، بە مانا فێمینیزمەکەی، نە دەنگی ژنێکی نوێخواز و مۆدێرنە، کە وەك نیوەیەك لە پێناو یەکسانی دەستکەوتە ماددی و مەعنەوییەکانیدا لە ململانێی نیوەکەی تریدا بێت. نە دەنگی کرووزانەوەی ژنێکی زەعیفەی بێ دەسەڵاتی بەناچار ڕازییە، بەڵکو دەنگی ژنێکی هۆشیار و ڕۆشنگەرە، هەر لە بەر ئەوەیە لە گوتنە شیعرییەکانییەوە، دەنگی ژنێتی ژن دەبیستین. ئەم دەنگە هۆشیاری بە سەربەخۆیی هەریەك لە تاکانەیی ژن و پیاو هەیە وەك کائینێکی ئازاد، لە هەمانکاتدا هۆشیاری بە پێویستی هەماهەنگی هەریەك لەم دوو ڕەگەزە جیاوازە هەیە، وەك زەرورەتێکی گەردونی، بۆیە نابێت ترازان و لێکدڕی بکەوێتە نێوان دەستەکانمان، بەڵکو دەبێت دەستی هەر یەکێکمان ببێتە زەمینەی داگیرسانی ئەویتر ، چونکە ئەگەر هەر یەك لە ئێمە لە خۆیدا ڕوناك نەبێت، لە دەرەوەدا شەوق ڕوناکییەکەی ئەم خاکە ڕوناك ناکاتەوە، کە واقیعی تاریك عومری لێ سەندۆتەوە. بۆ ئەمە ( مرۆڤ دەبێ لە ناو جەرگەی مردن ببێ بە دارستانی ڕوناکی، ببێ بە مۆمی، ئەو هەموو ماڵە بێ چرایانە..)ئەگەر بە قوڵی لە خۆماندا گوێ لەم دەنگە ڕادێرین، ئەوا هەمان بنەمای ئۆنتۆلۆجی ئەو گوتنانە دەبیستین کە لە پشت زۆرینەی شیعرەکانیدا نیهانە. گوتنەکان

هەنگاو بە هەنگاو پەردە لەسەر بنەمای گەشەسەندن و ئەم هەڵکشانە ناوەکییەی مرۆڤ لادەدەن ، کە ڕێگرە لەبەردەم گەندەڵبوون و مردنی ئۆنتۆلۆجی مرۆڤدا. ( ئەی براکانم، ئەی خوشکەکانم) تەماشای ئەو جۆگەلە و ڕووبارانە بکەن لە خاکدا ڕێدەکەن و دەڕۆن، با بیر لە ڕەوتی بەردەوامییبیان بکەینەوە، بیر لە وانەشیان بکەنەوە کە ڕێگە نابڕن و دەوەستن چۆن بۆگەن دەکەن و لە ڕەوتکردن و لە ئاوێتی دەکەون. لە ڕێگەی ئەمانەوە دەکرێت مرۆڤ ئەو بەڵگە لۆجیکییانە بدۆزێتەوە، کە بوونە مرۆییەکەی تۆخ و ڕۆشنتر دەکەنەوە، هەر وەك چۆن ئەو جۆگەلە و ڕووبارانەی ئازادانە ڕێگە دەبڕن، بۆگەن ناکەن و نامرن.

بەمپێیە ئەوەی مرۆڤ گەندەڵ دەکات و وادەکات وجودی مرۆییانەی لە ناو بچێت، واقیعی خراپی ژیان و نان و خۆشگوزەرانی و ناگوزەرانی مرۆڤ نییە، بەڵکو لە مرۆڤبوون کەوتنییەتی. (ئەگەر بە بێدەنگی بوەستن بۆگەن دەکەن و دەمرن) لە کاتێکدا ( ئێوە مرۆڤن.. مرۆڤ) لەم گوتنە سادانەدا، ڕاوەشاندنێکی ناوەکی و وە ئاگا هێنانەوەیەکی قوڵ ئامادەگی هەیە. ئەوە نیشتمان و بیروباوەڕێکی ئایدیۆلۆژی دیاریکراو و کاری گروپ و ڕێکخراوێك نییە، دەمانخاتە بەردەم پێویستی نواندنی هەڵوێست و کارو کردەیەکی دیاریکراوەوە، ئەوە هۆشیاربوون و بەرپرسیارییەتییەکی تری بنەڕەتی و مرۆییە، پێماندەڵێت دەبێت بۆگەن نەکەین - گەندەڵ نەبین، کۆی بەرپرسیارییەتییەکانی مرۆڤ بوونمان هەڵگرین تا لە گەشەسەندن و باڵاڕەوی هۆشیاری نەکەوین. لێرەدا تاریکی واقیع ڕێگر نییە لەبەردەم ڕوناك بوونەوەی مرۆڤدا، بۆیە ئەوە واقیع نییە مرۆڤ گەندەڵ دەکات، ئەوە خودی مرۆڤە یان ئەوەتا واقیعی بۆگەن دروست دەکەن، یان ئەوەتا ژیانێکی مرۆییانە دادەمەزرێنن. بێدەنگی، قبوڵکردنی نەنگی ئاکاری و کۆیلەییە، ئەو بێدەنگییەی سەرچاوە لە سەر شۆڕکردنی مرۆڤەوە دەگرێت لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ماددی و مەعنەوییەکانی، بەرەنجامی ئەم لەڕەوت کەوتنەی وجودی مرۆڤە، کە لە گەشەسەندنی دەخات. هەر شتێکیش لە گەشەسەندن بکەوێت، هەر ئاوێك لە ڕەوتکردن بکەوێت و بوەستێت، بە مانای گەندەڵ بوون و لە ناو چوون دێت.

کاتێك لە دێری کۆتاییدا پێماندەڵێت:( کەلێن مەخەنە دەستەکانتان لەسەر دەرگاکانتان، لەسەر پەنجەرەکانتان بنوسن بژی ئازادی) لێرەدا دەبێت بپرسین مەبەست لە خودی ئازادی چییە؟ ئایا هەمووان ناتوانن لەسەر دەرگا و پەنجەرەکانیان بنوسن بژی ئازادی؟ بنەما و ویستی ڕاستەقینەی ئازادی، بە چی لە دروشمی بژی ئازادی جیابکەینەوە؟ کاتێك دەڵێت: ( ئەو خاکە با شەوق بداتەوە، کە تاریکی عومری لێ ستاندوە.) بەهۆی هەڵکردنی چ جۆرە ڕوناکییەکەوە ئیمکانی هەیە هەریەك لە ئێمە و نیشتمانەکەمان ڕوناك ببێتەوە، ئەگەر تاریکی عومری لێ سەندوونەتینەوە؟ دیارە هەر یەك لەم پرسیارانە لە ڕێگەی گفتوگۆی شیعرەکانی ترییەوە، دەرگا لە ڕوویاندا دەکرێتەوە، بەڵام لێرەدا دەوەستین، چونکە پێویستییان بە توێژینەوەی سەربەخۆی تر هەیە. جگە لەوەی ئەوەی لەم باسەدا مایەی بە دواداچوون بوو، جیاکردنەوەی دەنگی جیاوازی شیعرەکانی زەینەب خان و شیکردنەوەی بنەما و ڕەوشی پەرەسەندنی بیرکردنەوەکانییەتی، لەو ئاگاییە دەرەکی و واقیعییەی لە ژنناسیدا بە مانا مۆدێرنەکەی جەختی لێدەکرێتەوە. جا ئەم جیاوازی و هۆشیارییەی شاعیر تەنیا بە شیعر گوزارشتی لێنەکراوە، بەڵکو بنەمای کەسایەتییە جێگیر و دیارەکەشی بووە، چونکە لە ژیانی ڕۆژانەییدا پێی ژیاوە. هەر ئەوەشە وایکردووە شایەدحاڵ و کەسایەتییەکی وەکو "ڕەشاد موفتی" لە وەسفی زەینەب خاندا بڵێت: " ژنم نەدیتووە، قابیلییەتی زەینەب خانی هەبێ، لە حەلی مەشاکل و لە زانایی و دانایی، لە نوتق و مەعلومات و ڕۆشنبیری، لە هەر مەوزوعێکی موناقەشەم کردووە، ئەو لەوسەری هاتۆتەوە" (موفتی: ٢٠٢٠ : ٦٩) بۆ ئەوەی لە سەرچاوەی ئەمجۆرە لە گوتن تێبگەین، لە قاڵبی وەسفدا نەمێنینەوە، ئەوا وەك زەرورەتێکی فکری و ئێستایی، پێویستیمان بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی تری جددی هەیە. ئەگەر لە بنەما ڕۆشنگەرییەکانی بیرکردنەوەی زەینەب خان وەك ڕۆشنبیرێکی عەقڵانی تێبگەین، ئەوسا دەتوانین لەو ڕاستییە وردبینەوە، بۆچی مەلاڕەئوفە فەندی باوکی لە یەکێك لە شیعرەکانیدا بۆ زەینەب دەنوسێت:

"کوڕەکانم و بە خۆشمەوە، قوربانی گەردی پاتم
درۆ ناکەم بڵێم میسلت پەیدا نابێ، نا، بێ
مەدح و سەنای زەینەب دەکەم، باوکێکی بێ ریاتم
سایەی هەورە لەسەر سەرم سوڵتانی حوسنت زەینەب
تۆی مەسجد و میحرابی من، سەدای کورد و موناجاتم
زەینەب، ئەی عەقڵ و فەهم و خەنجەری جەوهەرداری من
بڵی ( ڕەئوف)، چاوت دانێ، بەکەوشەوە وا هاتم"
( دیوانی ڕەئوف خادم سەجادە: ٢٠٢١: ١٨٣ -١٨٤)

کەواتە هێشتا دەپرسین ئەم عەقڵ و فەهم و خەنجەرە جەوهەردارە چییە و بۆچی وەك ڕێبوارێك دەتوانێت بەکەوشەوە بەسەر چاوانی باوکیدا تێپەڕێت؟ بەڵام ناتوانێت بە ڕاستەڕێی سەدساڵەی ڕۆشنبیری کوردیدا تێپەڕێت؟ بۆچی وەك تارماییەکی نادیار دەمێنێتەوە و بە درێژایی زێدەتر لە نیو سەدە، پەردەی فەرامۆشی بەسەردا دەدرێت؟

## ئەنجام

١- لە تێڕوانینی ژنناسیدا، مێژووی لە دایکبوونی هۆشیاری ژن و پەیدابوونی وەك کائینێکی هۆشیار، دەبەسترێتەوە بەم چوارچێوە مێژووییەی، ئایدیۆلۆجیای بزوتنەوەی فێمینیزمی تێدا لە دایك دەبێت. لە کاتێکدا ئەوەی ناونراوە هۆشیاری ژن، بریتییە لەو ئاگامەندییەی ژن، سەبارەت بە واقیعی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی پەیدای دەکات، لەبەر ئەوە هۆشیاری ژن نەك هەر گرێدراوی مێژووی بزوتنەوەیەکی دیاریکراوی وەکو فێمینیزم نییە، بەڵکو گرێدراوی جێگیربوونی خودی سیستەمی مۆدێرنیزمیش نییە، چونکە هۆشیاری ژن پەیوەستە بە بوونە مێژوویی و بنەڕەتییەکەی مرۆڤەوە، بەر لەم چوارچێوە زەمەنییە دیاریکراوەی سەرهەڵدانی فێمینیزم، مێژوو شایەتی بوونی هۆشیارییانەی ژن دەدات، لە کۆی قۆناغ و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا.

٢- ئەو تێگەیشتن و وێنایانەی بۆ ژن هەن، دەمانگەیەنێت بە چۆنییەتی گوزەرانی ژن، بەمەش دەکەوینە بەردەم کڵێشەی خوازراوی فۆڕمەکانی ژن و مێژووی جەنگی ماف و دەستکەوتەکانی. ناگەین بە ناسینی ژن و دەروشانەوەی ژنێتی ژن. لە دنیای ڕۆشنبیری ئێمەدا بەرهەمهێنەری ئەم وێنانە، خۆیان لە دوو جەمسەری ئایدیۆلۆژیی جیاوازدا وێنا دەکەن. جەمسەرێکییان تێگەیشتنی ڕۆشنبیری ئیسلامی سیاسییە بۆ ژنییەتی ژن، جەمسەرەکەی تریش تێگەیشتنی ڕۆشنبیری دنیایی و تیۆرەکانی مێناسییە. هەریەك لەمانە ئەگەرچی وەك دوو بیروباوەڕی جیاواز دەردەکەون، بەڵام لە کرۆکدا کانگای بیرکردنەوەیان یەکە و سەرچاوە لە بنەمای هێز و لە بیرکردنەوەی واقیعی مادیی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp9-27

و سروشتییەوە دەگرێت، بەمەش دوو دیوی یەك دراون، بۆ ناسین و تێگەیشتن لە ژنییەتی ژن.

٣- چەمكی یەكسانی بەم مانایەی لە دنیابینی سەردەمە مۆدێرنەكەوە سەرچاوە دەگرێت، بە هۆی ئەو كێشە لۆجیكی و فكرییانەی لە هەناوی ئەم چەمك و ئایدیۆلۆجییانەدا هەن، چەندە ژنیان بە دەستكەوتی ماددی و مەعنەوی و خۆشگوزەرانی زیاتر گەیاندبێت، دوو هێندە زیاتر ژنیان لە بوونی خۆی دوورخستۆتەوە، بەمەش ژن وندەبێت و دەكەوێتە ناو بۆشاییەكی وجودییەوە. ئەمە جگە لەوەی چەمكی یەكسانی هێندەی بوونێكی تیۆری و زمانی هەیە، هێندە دەركەوتەیەكی پراكتیكی و واقیعی نییە. هەر ئەمەشە وادەكات تای تەرازوی یەكسانی لە هیچ شوێن و سەردەمێكدا، بەم مانا یۆتۆپییەی خەونی پێوە دەبینرێت، هاوسەنگ نەبێت و بە هەمان قورسایی، بەرامبەر یەك نەوەستێت.

٤- شیعرەكانی "زەینەب خان" لەڕوی فكرییەوە، گوزارشتێكی وردیان لە چییەتی دەنگە جیاوازەكانی ژن كردووە، دەنگێكییان دەنگی كڕوزانەوەی زەعیفەیەكی گوناحی بێدەسەڵاتە، دەنگەكەی تریشیان دەنگی قودرەتی مرۆڤێكە، هۆشیاری بە بوونی خۆی و بەرپرسیارییەتە ئۆنتۆلۆجییەكانی خۆی هەیە.

٥- لە بیركردنەوەی "زەینەب خان"دا دەنگی ئەم زەعیفە قەناعەتمەندە بێدەسەڵاتەی كە هەیە، لەگەڵ دەنگی ئەو ژنانەی بە دروشم و هوتافەوە دێنە مەیدانی ژیان و وەك شێرە ژن دەركەون، یەك بنەمای بیركردنەوەیان هەیە، بەوەی تێگەیشتنی هەردووكیان سەرچاوە لە بیركردنەوەی گشتی و ڕازیكردنی واقیعە خوازراوەكانەوە دەگرێت. دەنگەكەی تریشیان، دەنگی بیركردنەوەی ژنێتی ژنە، كە سەرچاوە لە بیرۆكە و هۆشیاری عەقڵییەوە دەگرێت. هەر لەبەر ئەوەیە دواجار سەرچاوەی بەدبەختی ژن لە ئازار و برینەكانیدا نابینێت ، هەروەك چۆن مرۆڤ لەوەدا نابینێت نێرە یان مێ، ڕەشە یان سپی، تێرە یان برسی، بەڵكو سەرچاوەی بەدبەختی مرۆڤ، لە ناهۆشیاریی و برینەكردنەوەیدا دەبینێت.

٦- ئەم تێگەیشتنە لۆجیكییەی زەینەب خان بە ژنێتی خۆی و بە پەیوەندییە ئۆنتۆلۆجییەكانی ژن و پیاو هەیەتی، لێیەوە تەرازوی یەكسانی هەڵدەگەڕێتەوە و ژن و پیاو لێی ڕەها دەبن، چونكە ئەو شتە مادییانەی مرۆڤ ئیمكانی هەیە هەیبێت، من و ئەو و هەموو ئەوانی تریش بشێت خاوەندارییەتی بكەن، جیاوازە لەو بوونە بیركەرەوەی جگە لە خۆی كەس ناتوانێت بە مانا عەقڵییەكەی خاوەندارییەتی بكات.

٧- ڕستەی (ژن نیوەی كۆمەڵە) سەرچاوە لەو بیركردنەوە سروشتی و مادییەوە دەگرێت، كە ڕەنگرێژی تێگەیشتنی گشتی و كۆمەڵایەتی دەكات. لە كاتێكدا لە سۆنگەی بیركردنەوەی عەقڵی و بیركردنەوەی زەینەبدا ، مرۆڤ كائینێكی سەربەخۆ و تاكانەیە، لە نێو بوونەوەراندا تەنیا ژن و پیاو مرۆڤن، كەواتە هەر یەك لە ژن و لە پیاو ڕەها لە یەكتر، ویستێكی ئازاد و كائینێكی سەربەخۆ و تاكانەن. بۆیە بەر لەوەی پێویستییەكی سروشتی و غەریزەیی كۆیانبكاتەوە، زەرورەتێكی گەردونی و ئۆنتۆلۆجی، ئازادانە دەیانكات بە هاو "سەر" ی یەكتری، بۆ بڕینی ڕێگەی ژیان. بەڵام بۆ ئەم تێگەیشتنە ڕیشەییە، مرۆڤ پێویستی بە جۆرێک لە بیركردنەوەی ترە، جیاواز لەم بیركردنەوە گشتییەی كە هەیە، تا لە ڕاستەقینەیی ئەم ئاگاییە و حەقیقەتی ئەم بوونە تێبگات.

٨- بەمپێیە لە كۆتا ئەنجامدا دەگەین بەوەی، ئەم هۆشیارییە بنەڕەتی و عەقڵییەی دیاریكەری بنەمای فكری شیعرەكانی زەینەب خانن، سەبارەت بە پرسی ژن، بە شێوەیەكی دیالێكتیكی گەشەدەسەنێت و گوزارشت لە ژنێتی ژن و لە بوونی مرۆییانەی مرۆڤ دەكەن. ئەم هۆشیارییە لە كرۆكدا جیاوازە لەم ئاگاییە هەستەكی و تێگەیشتنە ماددییەی، لە تێگەیشتنی ڕۆشنبیری تیۆرەكانی فێمینیزمدا هەیە، كە سەبارەت بە واقیعی ژن و ماف و دەستكەوتە ماددی و مەعنەوییەكانی ژن، قسەی لێدەكرێت و بەرگری لێدەكرێت.

دۆزینەوەی ڕیشەكانی ڕۆشنبیری عەقڵی و گفتۆگۆكردنی بیرۆكە بنەڕەتییەكان ، لە كۆی بوارە ئەدەبی و مێژوویی و ئایینی و كلتوری و نەتەوەییەكانمان، بە مەبەستی دامەزراندنی جۆرێك لە ڕۆشنبیری تر و ناسینێكی بنەڕەتیتر، پێویستییەكی حەتمی دنیای ئێمرۆی ئەكادیمی و مەعریفی و ڕۆشنبیریمانە، كە لەو پەڕی تەنگژەی فكری و پەروەردەیی و قەیران و ئاڵۆزیدایە!.

## سەرچاوەكان


حەمە، ئەڤین ئاسۆس، 2013 ، فیمینیزم لە چیرۆكەكانی شێرزاد حەسەن دا، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی.

خادم سوجادە، زەینەب مەلا ڕەئووفە فەندی ، 2018، دیوانی زەینەب خان ، پێداچوونەوە و ڕێكخستن: عەبدوڵا زەنگەنە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ1، هەولێر.

خادم سوجادە، مەلارەئوف، 2021، دیوانی رەئوف، ساغكردنەوە: د. كەمال غەمبار، چاپخانەی ڤێربوون، چ1،هەولێر.

دیبۆڤار ، سیمۆن، 2021 ، رەگەزی دووەم، و: كارزان كاوسێن، ژیار سابیر، كارزان غەفوور، دەزگای ئایدیا، چ1، سلێمانی.

مەزهەر، كەمال، 2008 ، ئافرەت لە مێژوودا، ، I.S.B.N-91-972491-1-4، Innom historja

موفتی، عوسمان رەشاد ،2020. زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەك ، چ 1، چاپخانەی ماد، هەولێر.

وولف ، فرجينيا ، 2009 ، غرفة تخص المرء وحده ، ترجمة: سمية رمضان، مكتبة مدبولي، القاهرة.

كۆلمار ، ويندى ، فرانسيس بارتكوفيسكي ، 2010 النظرية النسوية، ترجمة: عماد ابراهيم, الأهلية للنشر والتوزيع، ط 1، بيروت.

رودگر، نرجس، 2019 فیمینزم ( الحركة النسوية ) – مفهومها، اصولها النظرية وتياراتها الاجتماعية، ترجمة: هبة ضافر، العتبة العباسية، ، ط1 ، بيروت- لبنان.

جامبل ، سارة ، 2002 ،النسوية و مابعد النسوية ، ترجمة: احمد الشامي ، المجلس الاعلي الثقافة، ط1، ، القاهرة.

. Was ist Aufklärung?l. Herstellung und Vefrlag: Kant Immanuel . 2016 CreateSpace,North Charleston

Wollstonecraft, Mary: 2008 https://d-nb.info/989082733/04

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp9-27